کوردستان بۆ کورد    یەکسانی بۆ گەل

# کاژیکنامە

## فەلسەفەی بیری کاژیک

# نـــاوەڕۆک

پێشەکیەکی کورت ............................................................... 4
مژدە و بانگ ........................................................................ 5
سەرەتا ............................................................................. 6
شیکردنەوەی مێژوی کورد ........................................................... 9
1- کورد پێش ئیسلامەتی ............................................................. 9
2- کورد پاش ئیسلامەتی ............................................................ 13
3-پەیدابونی ئوسمانلیو سەفەوی ................................................... 16
4- کورد پاش جەنگی جیهانیی یەکەم ............................................. 23
بزوتنەوەی کوردایەتی .............................................................. 27
شیوئێتی لە کوردستاندا ........................................................... 35
هەندێك زانیاری لەبارەی شیوئێتیەوە ............................................ 42
نـاـەتـەوەیـی ......................................................................... 43
بیروباوەڕی مارکسێتی ............................................................... 46
باری سەرنجی ستالین بەرامبەر نەتەوایەتیی .................................... 51
شیوئێتیو دیموٚکراتیتی ............................................................ 54
شیوئێیتیو بریاری چارەنوسی نەتەوەکان ........................................ 57
کارو کرداری شیوئیەکان ............................................................ 60
ئێمەو پارت .......................................................................... 62
کورتەی فەلسەفەی کاژیک .......................................................... 76
1- کاژیکو بزوتنەوەی کوردایەتی ................................................. 76
2- کاژیکو جێ چۆڵیی بیروباوەر ................................................... 79
3- کوردو بیروباوەڕی بێگانە لەباری سەرنجی کاژیکەوە ........................... 83
4- کاژیکو دادی کۆمەڵایەتی ....................................................... 87
5- پێویستیی بونی کاژیک ........................................................... 91
6- کاژیکو دەوڵەت ..................................................................... 94
7- پوختەی بیروباوەڕی کاژیکی ...................................................... 95
دوا وشە ............................................................................... 98

چاپو دیزایینی بەرگــو ناوەوە: ئارا ژیر

پیاچونەوەو هەندێ پەراوێز: کامیل ژیر

- چاپی یەکەم لەکوردستان 1961
- چاپی دوەم لەئەڵمانیا 1968
- چاپی سێیەم بە ئەرەبی لە ئەڵمانیا 1971
- چاپی چوارەم ئەلەکترۆنی 2018

# کاژیکنامه

## زادەی بیری دامەزرێنەرانی کاژیکە


کامیل ژیر


ئەحمەد هەردی


جەمال نەبەز


عەبدوڵا جەوهەر


ئیحسان فوئاد


فەرەیدون عەلی ئەمین


فایەق عارف

## پێشەکیەکی کورت

کاژیکنامە، بانگی یەکەمی کۆمەڵەی ئازادیو ژیانەوەو یەکێتیی کورد (کاژیک)ە کە بۆ یەکەمجار مێژوی کورد لەدیدی نەتەوەییەوە شیئەکاتەوەو زانستییانە پەنجە ئەخاتە سەر زامەکانی نەتەوەکەمان، بەجۆرێ کە لەنێوان بابەتەکانیدا، چارەسەر بۆئەو زامانە ئەبینرێ.

ئەم پەرتوکە، ئەکرێ ئەوەندە بەڕێزەوە پیرۆزکرێ کە لەهەمو ماڵە کوردێکا دانەیەکی پارێزراوبێو زوزو دەورکرێتەوەو نەوە دوای نەوەکانمانی پێگۆشکرێ.

بەپێویستمزانی هەندێ پەراوێز، زۆر بەکورتی، لەژێر چەن رستەیەکدا دانێم. لەپەرتوکی یادەکانمدا بەدرێژی، لەسەر کاژیک دواوم وەک بیرو وەک رێکخستنیش. بەتایبەتی ئەو کۆسپو هۆکارو پیلانانەی کەوتنە سەر رێگەی کاژیک.

ئەم چاپی چوارەمە، بەڕێنوسی ئێستامانە، بۆیە هەندێ جیاوازی لەنێوان رێنوسی ئەم چاپەو چاپەکانی پێشترا ئەبینرێ بێئەوەی هیچ لەواتاو مەبەستەکان گۆڕابن.

یەکەمجار وەک چاپێکی ئەلەکترۆنی بڵاویئەکەینەوە، دوایئەوە، لەهەلێکدا لە چاپیئەدەین.

کامیل ژیر 2018/9/1

# کاژیکنامە

## بەناوی خواو ناوی کوردەوە

### مژدە و بانگ

باوکە رەوشت جوانە قارەمانە سەربەرزەکان. دایکە شۆخوشە نگە دڵودەرون پاکە روسورەکان. کوڕوکاڵانی بە شانوباهوی بست بە بستی کوردستان. ئەی ئەو خوشكو برایانەی لەسەر دەستی بیروباوەری نەتەوەیی کوردیدا، بە تێشوی تۆڵەکردنەوەی لە پشت بەستراویاندا ئامادەی سەردانانی سەندنەوەی سەربەستیی کوردو سەربەخۆیی کوردستانن. ئەی دلێرانی رێی کوردایەتی بەخۆشوگۆش: ئەوا بەڵێنو گفتی بیروباوەری نەتەوەیی کوردیی بەبینو تەوژمەوە، بە چراوگی هەستی کوردایەتییەوە، لە رێوبانی شەوەزەنگی بەدێو و درنج گیراو، بانگی کردنەوەی بەختی کورداندو هەڵهاتنی رۆژی نوێی کوردەواریتان بەگوێدا ئەدەین. مژدەی لە بێشە هاتنەدەری بێچوە شێرانی کوردستاننتان ئەدەینێ بەشیری بیروباوڕی نەتەوەییو قەلغانی رەفتارو کرداری قارەمانانەوە، پیرۆزبایی جەژنی جوڵانەوەی

خۆبەختكردنو تۆڵەسەندنەوەتان لێئەكەین لەژێر ئاڵای كاژێكدا كە پشتی وا بەكێوەكانی كوردستانەوەو ئاشناو ڕۆشناكانیشی، شۆڕەسوارو دەستڕەنگینو هۆشدارانی نەتەوەی كوردن لە پێناوی سەندنەوەی ئازادیی كوردو سەربەخۆیی كوردستانو دامەزراندنی ڕژێمی كاژێكدا.

## سەرەتا

لەو ڕۆژەوە كە ئادەمیزاد خۆی لەسە ر ئە م زەمینە دیوە، خوا ڕەنگێكی وای بۆڕشتوە كە بكەوێتە جەنگو بەربەرەكانیەوە لەگەڵ هێزەكانی خۆڕسك (الطبیعة) داو لە ئەنجامی ئەم بەیەكدادانو چنگنانەچنگی یەكەوە، هەندێ لەو هێزانە زاڵبونو بەهێزبونو هەندێكیتریشیان بەزیونو كزبون. شتێكی زۆر سەیرە كەنەك هەرتەنیا ئادەمیزاد، بەڵكو هەمو گیانلەبەرێك، سەراپا، هەستێكی خۆماتكردو لە ناخی دەرونیاندا ڕەگی داكوتاوە، هەمیشە بۆئەوەپاڵی پێوەئەنێ كە زیاتر خۆی بگرێو درەنگتر ببەزێ، تاكو پتر بژیو زۆرتر بمێنێتەوە لەم جیهانەدا.

ئەم خۆراگرتنو هەوڵی مانەوەیە، وەك هەر لەمێژەوە لە تاكەتاكەی خەڵكیدابوە، دیارە لەنێو هۆزوگەلو نەتەوە جۆرجۆرەكانیشدا هەربوە.

هەریەکێ لەوانە بەگەلێ هۆو رەنگی جیاوازو لە گەلێ کاڵاو بەرگی جیاوازدا، ئەم ئارەزوی مانەوەیەی دەربریوەو ویستویەتی خۆی لە توانەوەو لەناوچون بپارێزێ. بەلای ئێمەوە قایمترینو باشترین کاڵا بۆپاراستنی زوربەی نەتەوەکان لەدەورانی کۆندا، ئەو بیروباوڕانەبون کە لە شێوەی ئاین و ئاینزا (مذهب)ی هەمەچەشنەدا خۆیان دەرخستوە. لەگەڵ ئەوەشدا وەنەبێ بڵێین هەمو نەتەوەیەک توانیبێتی هەر بەتەنیا بۆخۆی بژیو دورەوپەرێز لەوانیتر بوەستێ. چونکە گەلێجار هەر بەهۆی ئەم ئاینو ئاینزایانەوە، چەند نەتەوەیەک لەژێر ئاڵای تاکە رژێمێکدا کۆبونەتەوەو پێکەوە ژیاون. بەڵام ئەم ئاینو ئاینزایانەش لەکانگای چ نەتەوەیەکەوە هەڵقوڵابێ، بەزۆری ئەوەیان توانیوێتی دەست بەسەر ئەوانیتردا بکێشێو بیانخاتە چوارچێوەی نەتەوەیی خۆیەوە. لەبەرئەوە، ئەوانیش کەوتونەتە بەربەرەکانیەوە لەگەڵیو لەئەنجامدا، یا سەرکەوتونو سەربەخۆبون، یا بەجارێک ژێرکەوتونو بەرەو توانەوە چون. چاکترین وێنەش بۆئەمە، ئاینی دیان (مسیحی)ەکانە. چونکە ئەوەبو کاتێك ئاینی دیانێتی نەتەوەکانی ئەوروپای لەژێر سایەی خۆیدا کۆکردبوەوە، لەهەمانکاتدا ئەیویست زمانی لاتینیش بەسەر زۆریاندا بسەپێنێ. (هەرچەندە زمانی لاتینی لەوەپێش لەناو هەندێکیاندا بڵاوبوبوەوە). هەروەها ئەتوانین یەکەم جیابونەوەی کەنیسەی (ئۆرتۆدۆکس) بەکردەوەیەکی نەتەوەیی بژمێرێن. چونکە

پاش جیابونەوەی، هات یەکسەر زمانی یۆنانیی کرد بەزمانی رەسمی خۆیو بەمجۆرە بەشیکی زۆری ئەوروپای رۆژهەڵات لەچنگ زمانی بیگانەی لاتینی رزکاریبو. تەنانەت جیابونەوەی کەنیسەی (بولکاری)ش لە کەنیسەی (ئۆرتۆدۆکس) لەم دواییەدا، دیسانەوە بەڵگەیەکی بەهێزە بۆئەم قسەیە. جگە لەوەش ئەو نەتەوانەی زمانیان لاتینی نەبو لە رۆژئاوای ئەوروپادا، وەك گەلانی جەرمانیو ئەنگلۆساکسۆنی، توانیان بەهۆی وەرگرتنی ئاینزاکانی پرۆتیستانتەوە، زمانی خۆیان بپارێزن[1] کە ئەم کارەش لەخۆیدا کردەوەیەکی نەتەوەییە[2] هەر بەمجۆرە ئەتوانین بڵێین هەموئاینەکانی چەرخی بتپەستی، تێکڕا بە کرداری نەتەوەیی ئەژمێردرێن. چونکە هەمو جۆرە تکاو نزاو پەرستنێکی ئەو بتانە، هەرکەسە بە زمانی وڵاتو نەتەوەی خۆی کردویەتی. مانای وایە لەرێی پاراستنی زمانەکەیەوە، نەتەوەکەی خۆشی پاراستوە. کە وڵاتیکی بێگانەشی داگیرکردبێ، چوە ئاینەکەی خۆی بەزمانەکەی

[1] بۆ وێنە مارتین لۆتەر کە داهێنەری پرۆتیستانتبو، هەرخۆی یەکەمین کەسیشبو کە ئینجیلی وەرگێڕایە سەر شێوەی ژوروی ئەڵمانیاو لەو رێگەیەوە زمانی ئەڵمانیی بۆیەکەمجار کردە زمانی خوێندنو نوسین.
[2] بە پێچەوانەی ئەمەوە، بەشبونی ئاینێک بۆ دو ئاینزا لە ناو تاکە یەک نەتەوەدا، ئەو نەتەوەیە ئەکا بە دوپارچەوە لەڕێی دوکەرتکردنی کولتورە نەتەوەییەکەیەوە. بۆوێنە: زمانو ئەدەبیاتی سوریانی لە سەدەی سێیی فەرەنگیدا، یەک توخمو یەکگرتوبو، بەڵام کە لە سەدەی پێنجەمدا بەهۆی ناکۆکیی ئاینیەوە، سوریانەکانی رۆژهەڵات (نەستوریەکان) خۆیان لە سوریانەکانی رۆژاوا (یاکوبیەکان) جیاکردەوە، لەودەمەوە زمانەکەشیان وردەوردە بو بە دو شێوەی زۆر لەیەکتری جیاوازو رێگەی گەشەکردنی یەکتوخمانەی لێگیرا.

خۆی، بەسەر وڵاتی داگیرکراودا سەپاندوەو بەوە سنوری بڵاوبونەوەی زەمانەکەی فراوانترکردوە. دوایی ئەتوانین لە ئاینی ئیسلامیشدا جولانەوەی (خەواریج)[1]و (شیعەگەریتی)و (شعوبێتی) بکەین بەنمونەیەکی زۆر چاک بۆبزوتنەوەی نەتەوەیی. لێرەدا ئەبینین مێژونوسی ئەرەب (ساطع الحصري) ئەڵێ: "ئەو بزوتنەوە شعوبیانەی کە لە مێژوی ئیسلامدا ناویان دەرکردوە، هەمو لەوجۆرە بزوتنەوانە بون کە دەستاو دەستیان دەکرد لەنێوانی ئەو نەتەوە نا عەرەبانەدا کە ئاینی ئیسلامیان وەرگرتبو[2]. راستیەکەی ئەمانە بزوتنەوەی نەتەوەیی بون بەهەمو مانای وشە"[3].

## شیکردنەوەی مێژوی کورد

### 1- کورد پێش ئیسلامەتی

ئەمجا با لەبەر روناکی ئەم قسانەماندا تۆزێک مێژوی کورد شیبکەینەوە.

[1] خەواریج (الخوارج) ئەو مسوڵمانانەبون کە نە سەر بە (عەلی کوڕی ئەبو تالیب) و نەسەر بە (معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان) بون. ئەمانە تاقمێکی شۆرشگێربون.
[2] بەناوبانگترین پێشەوایان، مەنسوری مساوری خاریجی بو کەکوردەکان زۆر پشتگیرییانکرد.
[3] ساطع الحصری، ماهی القومیه، الطبعه الاولی، دار العلم للملايين، بيیروت 1959

لێکۆڵینەوەی مێژوی کۆنی گەلانی رۆژهەڵاتو بەتایبەتی سۆراخی زانا زمانەوانو ئەرکیۆلۆجیستەکان دەریئەخەن کە کورد نەتەوەیەکی یەکجار کۆنو بەدەمارو خاوەنی رابردویەکی زۆر رۆشنبوە. ئە م کوردە لەدەورانی کۆندا بەگەلێ ناوەوە ناسراوە، وەك **کورت. کوردۆێین. کوردخۆی، کورتی،کوتێوی، کاشی ... هتد**،کە ئەمانە هەریەکە فەرمانرەواو دەسترۆیشتوی چاخی خۆیانبون. تەنانەت کاشییەکان نزیکەی حەوت سەد ساڵیك، وڵاتێکی فراوانیان حوکم کردوە.

بێجگەلەوەش، زمانی کوردی لەزمانە ئاری[1]یە رەسەنەکان ئەژمێردرێ، گەرچی ئەگەرهۆی تواندنەوەی بۆ برەخسێنرێ، چارنیە هەر بەرە و توانەوە ئەرواو لەئەنجامدا خۆی بۆ راناپسکێنرێ وەك هەمو زمانێکی زیندویتر کە بکەوێتە گێژاوی قەڵاچۆکردنو توناکردنەوە.

[1] (ئاری) لەهەندێ شویندا بەمانای (خاوەن)و (داگیرکەر)ەو لە هەندێ شوینتردا بەمانای (مەرد)و (جوامێر)ە. نەژادی ئاریا ئەو لکەیە لە کۆمەڵە گەلی هیندوجەرمانی کەلەهیندستانو ئێرانی کۆندا ئەژیا. لەبەرئەوە، کەناوی گەلانی ئاریای ئەبەین، تەنیا مەبەستمان لە کورد، فارس، بلوجی، ئەفغانی، تاژیکی، هیندۆکی و ... هتدە، ئەگینا نەتەوەی ئەڵمان ئاری نیە. چونکە هەمو هیدو-گێرمانێك بە(ئاری) ناژمێردرێ. ئەم ناوی ئاریە لەکاتی فەرمانرەوایی حیزبی نازیدا لە ئەڵمانیا بەهەڵە بەکارئەهێنرا.

کورد لەسەردەمی کۆندا، گەلێك دەوڵەتی گەورە گەورەی دامەزراندوە. لەهەمویان مەزنترو ناودارتر، ئیمپراتۆرێتی (میدیا)بوە (612-550) پ.ز. کە بەهێزترین دەوڵەتی جیهانبوە لەو رۆژەدا. هەروەها ئەوەندە زاناو نوسەرو فەیلەسوفـو رۆشنبیری بوە کە بەتەنیا ناوهێنانیان، نامیلکەی گەورەگەورەی ئەوێ. هەرچەندە لەبەر تیشکی بیروباوەری کوردایەتیی کاژیکانەدا هیح بایەخێکیان نادریتێ، چونکە هەر رەنجێکیانداوە بۆخزمەتی کوردو بیری کوردایەتی نەبوە. ئاڵا هەڵگری پەیامی ئاریایی[1] زەردەشتی بەناوبانگ کە بەپێی هەندێک سەرچاوەی ئیسلامی، پێغەمبەربوەو ئاینەکەشی بە بنەچەو رەچڵەکی گەلێک لە ئاینە ئاسمانیەکانی تر ئەژمێردرێ، فەیلەسوفـو زانایەکی کوردبوە. لەم روەوە، کورد نەتەوەیەکە خاوەنی پەیامێکی ئاسمانیە بۆسەرانسەری جیهانو گشت نەوەی مرۆڤ.

جا وەکو وتمان هەندێک ئاین ئەبنە هۆی تێکەڵاوبونی چەند نەتەوەیەک. ئیمپراتۆرێتی میدیای کوردیش توانی بەهۆی ئاینی زەردەشتیەوە، کە لەناو فارسەکانیشدا پەرەی سەندبو، ناوچەی فارسیش

---

[1] مەبەست لە پەیامی ئاریایی ئەو پەیامەیە کەبۆ یەکەمجار لەسەرزەمینی ئارياییەوە بەسەرکردەیەتیی زەردەشت سەریهەڵدا بۆ پێشڕەویکردنی هەمو ئادەمیزاد. ئەم پەیامە تەنیا ناوەکەی وایە ئەگینا پەیوەندییینیە بەرەگەزپەرستێتیەوە.

بخاتە ژێر دەست خۆیەوە. خۆ ئەگەرچی زمانی فارسیو کوردیی ئەو دەمە، ئەبێ زۆر لەیەکەوە نزیک بوبنو هەریەک بە ئاسانی توانیبێتی لەویتر بگات، لەگەڵ ئەوەشدا چونکە ئاینەکە هی کوردەکانبو، فارسەکان لەپێشەوە بونە پاشکۆ (تەبەعە)ی کورد، چونکە خۆیان خاوەنی ئاینەکە بونو پێغەمبەرەکەش هەر لەخۆیانبو، توانیان فارسەکان بخەنە ژێردەستی خۆیانەوە. وەک چۆن تورکە ئوسمانلیەکان بەهۆی فرتوفێڵی خەلافەتەوە توانیان سەرۆکایەتی ئیسلام لەدەست ئەرەبەکان بستێنن. لە کاتێکدا کە ئەرەبەکان خۆیان خاوەنی ئاینی ئیسلامبونو پێغەمبەرەکەش هەر لەخۆیانبو.

زۆرزانیی فارسەکان بەئەندازەیەکبو تەنانەت (کۆرش)ی فارس[1] کە دەسەڵاتی سیاسی گرتەدەستو (میدیا)ی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە، کوتومەز رەقی هەڵنەشاخایەوە بە روی ئاینی زەردەشتدا، بەڵکو بۆ پارێزگاریو بنبەستکردنی دەسەڵاتی خۆی لە ناو کوردەکاندا، جارێ تا ماوەیەك موغەکانی[2] زەردەشتی هەرهێشتەوە لە شوێنی خۆیان. جگە لەدەست نەکێشانە کاروباری کۆنی مادەکانو هێشتنەوەی زۆری

---

[1] کۆرش یا (کەیخەسرەوی گەورە)شای هەخامەنشیەکان (کیانیەکان)بوە.

[2] موغ، واتا مەلای زەردەشتی. ئەم وشەیە بە زمانی ئێراني کۆن (مەگوش)ە کە وشەی (مجوس)ی عەربی لەمەوە هاتوە. دورنیە وشەی (موان)یش کەگوندێکە لەناوچەی سلێمانی باشوری کوردستان، لە(موغان)ەوە هاتبێ، واتا جێو نزرگەی موغەکانی زەردەشت.

فەرماندارەكانیان، تا وردەوردە لەدەرفەتدا لەناوی بردن‌و ئەو كاتە فەرمانرەوایی خۆی بەجارێ چەسپاند.

لەپاش روخانی دە وڵەتی میدیا، وڵاتی كورد بەشكراو چەكی ئاینی زەردەشتیش لەچنگ كورد دەرهێنراو كەوتەدەست ئەوانەی خاوەنی نەبون، ئەمجا بەرەبەرە هەر هەمان ئاین گیانی كوردانەشی لەبەر داكەندراو ئیتر لەوساوە كورد هەروا لەژێر ركێفی ناوچەی فارسدا مایەوە هەتا پەیدابونی ئیسلام، ئەگەرچی جاروبار هەندێك راپەڕینی كوتوپڕو شۆرشی پچڕپچڕ رویانداوەو بونەتە هۆی سەربەخۆبونی هەندێك ناوچەی بچوك بچوك لەكوردستان، یا داگیركەرێكی وەك یۆنانی یا ئەرمەنی یا رۆم ناوچەیەكی كوردستانی بۆماوەیەكی كەم بۆخۆی زەوت كردوە. لەگەڵئەوەشدا كورد هەر تێكڕا ژێردەستەی (فارس)بوە.

## 2- كورد پاش ئیسلامەتی

لەژێر سایەی ئاینی ئیسلامدا، ئەرەبەكان توانیان (كیانی ئاینی)و لە پاڵ ئەویشدا (كیانی سیاسی)ی فارسەكان لەناوبەرن‌و بەهۆی ئەوەوە وڵاتی كوردستانیش كەئەو دەمە لەژێر دەستی (فارس)دابو كەوتە

ژێردەستی ئەرەبەکانەوە[1].

هۆی شکانی سوپای فارس بەو گورجییە لەلایەن ئەرەبەکانەوە، ئەگەڕێتەوە بۆتازەییو پڕچەکیی ئاینی ئیسلام لەلایەکەوەو لەلایەکیکەشەوە بۆبەکارهێنانی ئاینی زەردەشت بەناڕاستیو پڕهەڵەیی لەلایەن فارسەکانەوە. لەبەرئەو دوهۆیەی سەرەوە، لەپاڵ شەروشۆڕێکی یەکجار درێژو خوێناویدا، ئەرەبەکان توانیان ئیمپراتۆرێتی ئێران بروخێننو ئاینی ئیسلامەتیش وردە وردە بچەسپێنن. ئیتر لەگەڵ بڵاوبونەوە و پەرە سەندنی ئیسلامەتیدا، کوردەکان دۆستایەتییان، وەك چۆن لەوەپێش لەگەڵ فارسەکاندا بەستبو بەهۆی ئاینی زەردەشتەوە، ئاواش لەگەڵ ئەرەبەکاندا گرێی دۆستایەتییان بەهۆی ئاینی ئیسلامەوە بەست.

هەرچەندە کوردەکان ئەم پەیوەندیی دۆستایەتیەیان لەگەڵ ئەرەبدا بەست، بەڵام جاروبار هەرهەستی نەتەوەیی هانی ئەدان بۆشۆرش بەرپاکردنو بێزاری دەربرین. وەکو هاوبەشیی کوردەکان لە شەڕوشۆڕی (خەواریج)دا کە ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشاوە.

[1] بەپێی سەرچاوەئیسلامیەکان سوپای ئەرەب لە سالی (18)ی هیجریدا گەیشتە کوردستان.

ئەرەبەکان، چونکە لەسەرەتای بڵاوبونەوەی ئاینی ئیسلامدا هێشتا گیانی ئەرەب پەرستییان زۆر ریشەی دانەکوتابو و هەمولایەکی کوردستانیان داگیر نەکردبو، لەبەرئەوە کورد جارێ نەکەوتبوە سەر کەڵکەڵەی شۆرشکردن. بەڵام لەبەرئەوەی لەدەوری خەلافەتی ئەمەوییەکاندا (622-750) گیانی ئەرەبایەتی یەکجار بەهێزبو و ئەمەوییەکان بەچاوێکی زۆر نزمەوە سەیری گشت نا ئەرەبێکیان ئەکرد، ئەوسا کوردەکان بەگیانێکی پڕلە سۆزو هەستی نەتەوەییەوە، دەستێکی باڵایان هەبو لەروخاندنی بنەماڵەی (ئەمەوی) لە (750)داو دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسی بەیارمەتیی ئەبوموسلیمی خۆراسانی لەهەمان ساڵدا. ئەوەبو کەئەبو موسلیم ویستی نەیەڵێ دەوڵەتی عەباسیش وەك دەوڵەتی ئەمەوی لێبێ. ئەرەبەکان بە کوشتن پاداشیاندایەوە[1].

بەلەناوچونی (ئەباسییەکان) بەدەستی (مەغۆلەکان)[2] ئەرەبەکان

[1]تەنانەت هۆنەرێکی عەرەب کە ناوی (ئەبو دولامە)بوە بەهەڵبەست جنێو بە(ئەبو موسلیم)وباوباپیرە کوردەکانی ئەدات:

*ابا مجرم هل غير الله نعمة علي*
*عبده حتی يغيرها العبد*
*افي دولة المنصور حاولت غدره*
*الا ان اهل الغدر اباؤک الكرد*

(تەماشای الجاحظ:حياة الحيوان بکە).

[2]سەرکردەی مەغۆلو تورکومانەکان (هۆڵاکۆ) لە (1258)دا بەغدای داگیرکردو دوا خەلیفەی ئەباسی (مستعصم باللە)ی کوشت.

یەكێتی سیاسیو مەئنەویی راستەقینەیان لە ناوچو. زمانەكەشیان پەكی ئەوەیكەوت كە بتوانێ بنكە لەوڵاتی فارسو كوردا دابمەزرینێ[1]. ئەمە لەلایەكەوە، لەلایەكیتریشەوە، پەیدابونی مەغۆلەكان بو بەهۆی دروستبونی دەوڵەتی (ئوسمانلی) لە بەشێك لە (توركیا)ی ئێستەو دەوڵەتی (سەفەوی) لەناوچەی (فارس)و چەند ئەمارەتێكی كوردیش لە كوردستاندا.

### 3-پەیدابونی ئوسمانلیو سەفەوی

بنەماڵەی ئوسمانلییەكان لەسەر داروپەردوی قرچۆكی ئیمبراتۆرێتی رۆمانیو نەمانی یەكێتی راستەقینەی سیاسیی ئەرەبەكان، لە كۆتایی سەدەی (13)ی فەرەنگیدا دەوڵەتی ئوسمانلیان دامەزراند[2] و لەبەرئەوەی وردەوردە دەمیان ژەندبوە رۆمەكانو بەناوی غەزاوە لەناویان ئەبردنو هەتا ئەهات پایەی رێزیان لەدڵی موسوڵمانەكاندا بەرزترئەبوەوە. كە لە دواییشدا خەلافەتیان گرتەدەست خۆیان، ئیتر بەئاسانی توانیان هەمو موسوڵمانێكی سوننی بخەنە ژێر ركێفیانەوە.

[1]مێژونوسی ناوداری ئەرەب (ابن خلدون) لە(المقدمة) بەناوبانگەكەیدا شایەتی بۆ ئەمە ئەداو ئەڵێ: فلماملك التتر والمغول بالمشرق و لم يكونوا على دين الاسلام ذهب ذلك الموج و افسدت اللغة العربية على الاطلاق ولم يبق لها رسم في الممالك الاسلامية بالعراق و خراسان و بلاد فارس و ارض الهند - مقدمة ابن خلدون - الطبعة الثالثة - المطبعة الادبية - بيروت (1900) ص (380).

[2]دەوڵەتی ئوسمانی 27 یۆلیۆ 1299- 29 ئوكتۆبەر1923 واتا 624 سال بەردەوام بوە.

بەڵام چونکە فارسەکان لەروی گیانی نەتەوەییانەوە لەژێر ئاڵای شیئەگەرێتیدا دەوڵەتی (سەفەوی)یان لەسەرەتای سەدەی (16)ی فەرەنگیدا دامەزراندبو، توانیان کیانی خۆیان بپارێزن. لە کاتێکدا کوردەکان لەروی ئەوەوە کە بەشی زۆریان سوننی مەزەب بون، ئوسمانلیەکانیش مەترسیی شیئەکانیان یەکجار خستبونە دڵەوەو بەهۆی ئەوەوە کە دەماری نەتەوەییان بەجارێ سڕوسستبوبو، لە روی دڵسافیو ساویلکەیی خۆیانەوە، لە تورکەکان نزیکبونەوەو ئەوەبو، بەهۆی دەلاڵی ئیدریسی بیتلیسیەوە، کوردستان لە (1515)ی فەرەنگیدا کەوتە ژێردەستی تورکەکان، بەرامبەر هەندێك گفتو بەڵێن کەدرا بەکوردەکانو لەئەنجامدا هیچیشی راستەرنەچو[1].

بەڵام تورکە ئوسمانلیەکان چونکە هەستی نەتەوەییان لە پەیوەندیی "برایەتی" بەهێزتربو،هەر کەپێیان داگرت، ئیتر کەوتنە وێزەی کوردەکانو دەستیانکرد بە ئاوەکی کردنو تواندنەوەیان لەبۆتەی

[1]ئیدریسی بیتلیسی لە کتێبەکەیدا هەشت بەهەشت (هشت بهشت – کتێبێکە بە فارسی دایناوە لەبارەی مێژوی خەلیفەکانی ئوسمانلیەوە) دان بەوەدا ئەنێ کە سوڵتان سەلیم داوای لێکردوە پەیوەندی بگرێ لەگەڵ ئەمیرە کوردەکانداو بیانبەستێ بە دەوڵەتی ئوسمانلیەوە بەشێوەیەکی فیدراڵی. هەروەها لە نامەیەکدا کەسوڵتان سەلیم لە(15ی شەوالی 921ی هیجری -1ی نۆڤەمبەر(1515)دا بۆ ئیدریسی بیتلیسی نوسیوە، بەئاشکرا دەرئەکەوێ کەسوڵتان سەلیم بۆئەم مەبەستە چەند بەرتیلی داوە بە بیتلیسیو میرە کوردەکانی چۆن بەپارەو دیاری لە خشتە بردوە (بۆ خوێندەنەوەی ئەو نامەیە تەماشای: خوجە سعدالدین: تاج الرواریخ – جزء ٢لا ٣٢٢) بکە.

تورکایەتیدا[1]. کوردەکانیش کە لەئەنجامی چەوسانەوەی دەستی ئوسمانلیو سەفەویەوە، نەختێك وریابوبونەوەو لە فڕوفێڵی هەردولا گەیشتبون، کەوتنە تەلاش. ئوسمانلیو سەفەوی تا ئەهات بەدەستیانەوە وەڕسترئەبون. لەبەرئەوە هەردولاکەوتنە فاکوفیکی رێکەوتن تا لە ساڵی (1639)ی فەرەنگیدا بەپێی پەیمانی زەهاو "زهاب" رەنگی سنورێکیان لەناو خۆیاندا رشتو بەو پێیە بەشێکی زۆری کوردستان کە ئێستە لەژێر دەستی ئیراقو تورکیاو سوریاو روسیادایە، کەوتە بەر ئوسمانلیەکانو بەشی خۆرهەڵاتیشی کەئێستا وابەدەست ئێرانەوە، هەر لەژێر دەستی سەفەوییەکاندا مایەوە. ئەم سنورە دەستکردە لەوساوە تا ئێستا لە کەمێ جێگۆڕکێ پێکردنی هێنانە پێشەوەو بردنە دواوەی سنگی بەیناوبەینی رەنگڕێژەکانی لێدەرچێ، هەر ئەو رەنگ رشتنەیەو نەگۆڕاوە. واتا ئەو سنورە ئێستەش هەر وەکخۆی ماوە.

کوردە کان کە لەرێی تاقیکردنەوەوە تێگەیشتن کە ئوسمانلییەکان مەبەستیان لەم "برایەتی ئیسلامی"یە درۆزنە و خەلافەتبازیە، تەنیا داگیرکردنی کوردستانەو هیچیتر، ئەوسا کەوتنە ناڕەزایی دەربڕینو بەرپاکردنی هەراوهوریا. بەڵام ئەم هەراو هوریایانە بایی پولێك

[1]ئەهمەدی خانی (1650-1706) ئەم قوربەسەریەی کوردی بە هۆنراوەی جوان لە (مەم و زین)ە نەمرەکەیدا چاك دەربڕیوە.

سودیان نەبو. چونکە هەمو کاتێك ئوسمانلیە فێڵبازەکان بە ناوی (ئاین)ەوە خەڵکیان لێ هانئەدانو هەرچی شۆرشێکی کورد هە بو هەر بە کوردەکان خۆیان ئەیانکوژاندەوە. وەك مەسەلەی (مەلای خەتێ)ی ناپاك و (پاشا کۆرە)ی هەڵکەوتو[1]و(ئیزەدین شێر)ی بێئابرو و (میربەدرخان)ی نەمر[2]. جگە لەوەی زۆرجار ئوسمانلیەکان دەستیان لەگەڵ سەفەویەکاندا تێکەڵئەکرد بۆلەناوبردنی هەمو سەرۆكو هەڵکەوتویەك لە ناو کوردەکاندا. گەرچی ئوسمانلیەکانو سەفەویەکان لەروی جیاوازیی مەزەبیەوە زۆر دوژمن بەیەکتریشبون[3].

ئوسمانلیەکان، تەنانەت لەبەر راگرتنی کیانی نەتەوەیی خۆیان، کە (مەهمودخانی ئەفغانی) ئێرانی داگیرکردو تورکیای خستە مەترسیەوە، ئوسمانلیەکان کەوتنە کۆمەکی بنەماڵەی (سەفەویەکان) کە شیئە بونو

---

[1] پاشا کۆرەی رەواندز گەورەترین ئەمارەتی کوردی دامەزراند لەسەدەی (19)دا بەناوی ئەمارەتی سۆرانەوە. جا کاتێ کە تورکەکان بەشەڕ دەرەقەتی نەهاتن، چون بەرتیلیاندا بە مەلای خەتێ. ئەویش لە خوتبەی نویژی هەینیدا وتی: "هەر کەسێ بچێ بەگژ سوپای خەلیفەی ئیسلامدا تەڵاقی ئەکەوێو بەکافری ئەمرێ". ئەمە پشتی لەشکری میری ساردکردەوە لە شەڕو ناچاریکرد بە خۆبەدەستەوەدان. هەرچەندە تورکەکان بەڵێنیان پێدابو هیچی لێنەکەنو بیگێڕنەوە شوێنی خۆی، بەڵام کە چو بۆئەستەمبوڵ لە(1836)دا کوشتیانو ئەو ئەمارەتە مەزنە لەناوچو.

[2] ئیزەدین شێر میرێکی خزمی بەدرخانبو، چو لە رقی بەدرخان یارمەتیی تورکەکانیدا دژی بەدرخان. بەڵام کەتورکەکان بە یارمەتیی (ئیزەدین)ی ناپاك (بە درخان)یان لەناوبرد، دەمودەست ئیزەدینیشیان لەناوبرد. با ئەوە هەر پاداشی نۆکەرو زۆڵە کوردبێ.

[3]ئێستەو لەئایندەشا هەروائەبن. بۆیە پێویستە، بەهەر رێگەیەکبێ، کوردیش دەوڵەتی خۆی راگەیەنێ نەک پێکەوەژیان. رێگای سەربەخۆییش زۆرە کە چەنجار لەنوسینەکانمدا ئاماژەم بۆکردونو کاریگەرترینیانم لەهۆنراوەیەکدا چڕکردۆتەوە لەژێر ناوی قارەماندا- بڕوانە فەیسبوکی من: دیوان/23 لە 2018/8/10دا - ژێر.

دوژمنایەتیی مەزەببیان لەبیرخۆیان بردەوە چونکە (مەهمودخان)ی ناوبراو سوننی بوو مەترسیی ئەوەشی لێئەکرا کەئیمبراتۆرێتێکی سوننی لە تەنیشت ئەوانەوە دابمەزرێنێ. ئوسمانلیەکان ئەم هاوکاریەیان لەگەڵ سەفەویەکاندا کرد، هەرچەندە بە درێژایی میژوی تاریکی خۆیان بۆپاراستنی مەزەبی سوننی، بەسەرزاریو بەناو، ئەچون بەگژ شیئەکانداو سەروماڵو ناموسیان هەڵاڵ ئەکردن.

لێرەدا ئەبێ ئەوەمان لەبەرچاوبێ کە دەوڵەتی عوسمانلی هەتا ئەهات بەرە و کزیو بێ هێزی ئەچو. لەلایەکەوە بەهۆی نەتەوەی زۆری ژێر دەستیەوە کە هەستی نەتەوەیی لە نێوانیاندا زیاد بوبو، لە لایەکی کەشەوە بەهۆی دەرکەوتنی ساختەبازیی خەلیفەکانی ئوسمانلیو لاچونی پەردەی لافوگەزافی درۆی ئیسلامەتی لەسەر رویان. ئەو خەلیفانەی کەبۆ کەنیزەکێك وڵاتیکی فراوانیان ئەبەخشی. دیسانەوە لەبەر نەگونجانی جۆری فەرمانرەوایو سیاسەتی ئوسمانلیەکان لەگەڵ پێویستی چەرخدا. هەر لەبەر ئەم بارەش بو سوێندخوارەکان مرخیان لە دەوڵەتی ئوسمانلی خۆشکردو هەڵیانکوتایە سەریو لە جەنگی جیهانی یەکەمدا خاکەکەیان داگیرکردو بەپێی پەیمانی سیڤەر لە (1920/8/10)دا مافی جیابونەوە درا بە نەتەوەکانی ژێر دەستی ئوسمانلی، بەپێیی هەندێ مەرج، کە کوردیش یەکێکبو لەونەتەوانە.

ئەمە لەملاوە. لەولاشەوە سەفەوییەکان کەبەناوی شیئەگەرێتیەوە هەندێک لە کوردەکانیان فریودابو وهەندێک کوردی سوننیشیان بە زۆر خستبوە ژێردەست خۆیانەوە، هەر بەهۆی ئەم شیئەگەرێتیەوە، کیانی نەتەوەیی خۆیانیان راگرتبو. بەڵام کوردەکانو بە تایبەتی سوننەکانیان لەگەڵدا، هەندێ ئەمارەتی پچوک پچوکیان بۆخۆیان پێکەوەنابو و سەربەخۆیی ناوخۆیی ئەو ئەمارەتانەیان پاراستبو، وەک ئەمارەتی بابا ئەدەلان کە گەلێ جار فەرمانرەواییەکەی تا شارەزوریش بڕیکردوە و تەنانەت سەردەمێك خان ئەحمەد خان هەتا (موسڵ)یشی لەژێردەستدابوە.

فارسە کاربەدەستەکان بە زۆری لەوە مڕمابون کە کیانی ئەم ئەمارەتانە هەربەجارێك لەناوبەرن. بۆئەمە کەوتنە فروفێڵو ساختەکارێتی تا لەئەنجامدا توانیان ئەمارەتە کوردیەکان بە پاشکۆی خۆیانەوە ببەستنو بە فەرمانی شاهانە میرەکانیان بۆدابنێنو لە هەمان کاتدا بیانکەنە کوتەکی دەستی خۆیان بۆ بەگژدا چونی برا کوردەکانی تریان. کوردەکان لەم دەورەدا بەجۆرێك دەماری هەستی نەتەوەییان سڕو بێهۆش بوبو، تەنانەت پاڵەوانێکی مەزنی وەك (کەریم خانی زەند) کە هەمو ئێرانی گرتبوە ژێر دەست، هیچ گیانێکی کوردایەتی نەبو و هەمیشە هەر لە خزمەتگوزاریو بەڕێکردنی کاروباری فارسو

ئازربایجاندابو. ئه میش نمونه‌یه‌كه بۆ كزیو لاوازی هه ستی كوردایه‌تی وه‌ك له دواییدا لێیئه‌دوێین. بێگومان هه‌ر ئه‌وه‌شبو پاڵی به‌(كه‌ریم خان)ه‌وه نا كه كوڕی دوژمنه‌كه‌ی خۆی (ئاغا مهه‌مه‌د قاجار) له ماڵی خۆیدا (19) ساڵ به‌خێوبكا بۆئه‌وه‌ی ئه‌ویش وه‌ك ماره‌كه‌ی شێخ هۆمه‌ر له قاپی بئاڵێو پێوه‌یبداو له‌ئه‌نجامدا ده‌وڵه‌تی قاجاری خوێنه خوێی كورد دابمه‌زرێنێو ببێته هۆی دروستكردنی زه‌ریایه‌كی له‌بن نه‌هاتو به خوێنی به ناڕه‌وا ڕژاوی نه‌ته‌وه‌ی كورد. بێگومان بێ هه‌ستیی سه‌رداره‌كانی كوردو ناكۆكی به‌ینیان، گه‌وره‌ترین هۆیه‌كبو بۆ سه‌ركه‌وتنی قاجاره‌كان. كوێره‌وه‌ریو چه‌رمه‌سه‌ری كوردی كوڵۆڵ به‌ده‌ست قاجاره‌كانه‌وه، لێره‌دا جێی نابێته‌وه. له‌به‌رئه‌وه هه‌ر ئه‌وه‌نده ئه‌ڵێین، پاش نه‌مانی بنه‌ماڵه‌ی قاجاریو له‌ده‌مه‌ده‌می هاتنه ناوی (ره‌زا خانی په‌هله‌وی)دا، كورده‌كان به‌هه‌لیان زانی بۆراپه‌رینو خۆكۆكردنه‌وه‌و ئه‌مجاره له‌ژێر سه‌ركرده‌یی هه‌ندێ سه‌رۆكی خۆیاندا توانیان له‌گه‌لێك ناوچه‌دا سه‌ربه‌خۆیی خۆیان وه‌ده‌ست بخه‌نو هه‌تا ماوه‌یه‌ك (تاران) گێژ بكه‌ن. له‌م سه‌رۆكانه: (سمایل خانی سمكۆو قه‌ده‌م خێرو سه‌ردار ره‌شیدو ئه‌لی مراد خانی به‌ختیاری). به‌ڵام ئه‌مانیش له‌به‌ر نه‌بونی رێكخراوێكی كوردانه‌ی به‌هێز كه‌پشتگیریان بكاو له‌به‌ر كزیی هه‌ستی كوردایه‌تی كه بتوانێ له‌هه‌مو ته‌نگانه‌یه‌كدا گه‌له‌كۆمه‌كێ به‌خه‌ڵكی كوردستان بكا به‌رامبه‌ر دوژمن. هه‌روه‌ها نه‌یاریی ناو ئه‌م

سەرۆكانەو خۆپەرستییان بو بەهۆی ئەوەی (رەزا خانی پەهلەوی) بەئاسانی یەك یەك ئەمانە لەناوبەرێتو دەوڵەتی ئێرانی نوێ دروستبكاو لەپاشدا ژەهری مار بكا بەگەروی كوردەكاندا. جا ئێستەش كەئەڵێن لەئێراندا لەلایەن حكومەتەوە، فشە كوردایەتیەك هەیەو گوایە حكومەتی ئێران مافی كوردەكانی ئەوێ ئەدا، ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان هیچ بڕوامان پێی نیە، چونكە پێمانوایە مافی نەتەوەیی، گوێزەبانە نیە بەخۆرایی ببەخشرێتەوە.

### 4- كورد پاش جەنگی جیهانیی یەكەم

ئیمبراتۆرێتی ئوسمانلی روخاو سوپای سوێندخواران خاكەكەیان داگیركردو لەشكری ئینگلیزو فەرەنسا چونە ئەستەمولەوەو یۆنانیەكانیش لەئێزمیردا گیرسانەوە. ئیتر سوڵتان دەسەڵاتێكی ئەوتۆی نەماو بو بەدەسكەلای دەستی سوێندخواران. ئا لەم كاتەدا كەهێشتا بزوتنەوەی كەمالێتی بە شێوەیەكی رێكوپێك دەستی پێنەكردبوو دەوڵەتێكی ئەرەبی نە لە ئێراقو نە لە سوریادا نەبو، هەروەها حكومەتی ئێران بەدەردی ناوخۆی خۆیەوە ئەیناڵاند، لەشكری توركیش دەسەڵاتێكی وەهای نەبو، بێجگە لەوەش سوێندخوارانیش لەناو خۆیاندا لەسەر سیاسەتی پاشەرۆژی وڵاتی ئوسمانلی هێشتا رێكنەكەوتبون، ئەم

کاتە چاکترین هەلبو بۆ کوردەکانی ژێردەسەی ئوسمانلی ئەگەر بیانزانیایە بەکاری بهێننو گوێ لە گفتو بەتەمای بەڵێنو دەستبرینی ئینگلیزەکان نەبونایەو بە بەندوباوی برایەتیی درۆزنەی مستەفا کەمالی گورگەبۆر تەفرەیان نەخواردایە. بەڵام کوردەکان کە کوردایەتییان کرد بەقوربانی برایەتیو دەستیان لەگەڵ گۆرگە بۆردا تێکەڵاوکردو بون بەهۆی زیندوبەنەوەی تورک، ئەوسا فەرەنسیەکانو ئیتاڵییەکان لەلایەکەوەو روسە کۆمۆنیستەکانیش لەلایەکیترەوە، سەرەرای یارمەتیدانیان لەسەرەتاوە، دانیان بە حکومەتی گورگەبۆردا نا.
لەئەنجامداو لەهەمان کاتدا ئینگلیزیش ناچاربو مل بۆ کاری کراو کەچ بکاو مافی کوردەکان بخاتە پشتگوێو ئەو بروبیانوەی کەلەسەرەتاوە ئەیگرت بۆ پێشڕەوتی مەبەستی کاری خۆی، لەپاش چەند سازانێک لەگەڵ گورگەبۆردا، دەستی لێهەڵگرت. ئەوکاتە سوێندخوارەکان (هاوپەیمانان)یش بڕیاری پاشەڕۆژی ئالی ئوسمانلیان لەناو خۆیانا داو وڵاتەکەیان بەسەرخۆیانا بەشکردو ئیترئیشی کورد کەوتە نەهاتیو گێژاوەوە. تورکیای تازە دروستبوش بەسەرۆکایەتی گورگەبۆر کەوتە کەشوفشو دەماخەوە.

ئینگلیزەکان تا ماوەیەکیش وایان لەکوردئەگەیاند کە گوایەئەوان دەمراستی کوردنو مافی کوردیشیان بەزیادەوە مسۆگەرکردوە، ئیتر

پێویستناکا کوردەکان پەلەقاژە بکەن‌و ئاژاوە بنێنەوە. کە کوردی خۆشبڕواو دڵپاکیش بەمە هەڵخەڵەتاو ئەو هەلەی لە دەسخۆیدا، ئینگلیزەکان بەشێنەیی‌و بەئارەزوی دڵی خۆیان مەسەلەی ویلایەتی موسڵیان لەگەڵ فەرەنساو تورکیادا بڕیەوەو ئێراقی ئەرەبییان بەسەرۆکایەتی فەیسەڵ دروستکرد. پاش ئەوە ناچاربون بۆپاراستنی باری ویستراوی خۆیان لەگەڵ گورگەبۆردا دەست تێکەڵاوبکەن نەبا دەسەڵاتی فەرەنسا یان روسیا لەتورکیادا پەیداببێ، بەتایبەتی چونکە روسەکان چاویان بڕیبوە ویلایەتی قارس‌و ئەردەهان کە دو ویلایەتی کوردستانی ژورون‌و بەپێی پەیمانی بریست لیتۆڤیسک لە 1918/3/3دا دران بە تورکیا بەناوی ئەوەوە کەگوایە ئەو دو ویلایەتە هی ئەرمەنین. لەبەرئەوە روسە کۆمۆنیستەکان ئەرمەنیەکانیان لەتورک هاندا، بەڵام ئەرمەنییەکان لە ساڵی ١٩٢٠دا، لە شەڕدا شکان‌و ئیتر کۆمۆنیستەکان ناچاربون پەیمانی ئاشتی لەگەڵ تورکیادا ببەستن‌و واز لەو ویستە کۆنەی خۆیان بهێنن. ئەگەرچی ستالین هەتا ئەم دواییەش هەر دەستی لێهەڵنەگرتبون‌و پەیتا پەیتا داوای ئەکردن، وەک روسە کۆمۆنیستەکان هەمو دەمێک هەر دەستگیری هەژاران‌و پشتگیری لێقەماوانبوبن!. بۆیە ئەیانویست ئەو دو ویلایەتە کوردە بەناوی ئەوەوە کە گوایە هی ئەرمەنن، رزگاریان بکەن‌و بیانخەنە سەر ئەرمەنستانە ئازادەکەی خۆیان تاکو کوردیش لە بەهەشتی ئەوان بێبەش نەبێ!.

ئەمجا ئەو دەوڵەتانەی تازە دروست بوبون، وەك توركیای كەمالیو ئێراقی فەیسەڵو ئێرانی رەزا شا، ناچاربون بۆ راگوازتنی باری سیاسی خۆیان، هەرەوەزی لەگەڵ سویندخواران و یەكتردابكەنو بەهەمو هێزێكیانەوە بەرگریی هەمو جۆرەگۆڕانێك بكەن كە لەم بارەوە روبدا. چونكە هەریەكە بەشی خۆی لە كوردستان بردبو. هەر لەبەر ئەوەشبو كە پەیمانی ئێراقو توركیاو بەریتانیا لە 5ی حوزەیرانی 1926و پەیمانی سەعد ئاباد لە 8ی تەموزی 1937دا بەسترانو هەر سەبارەت بەوەشبو كاتێ كە شۆڕشەكانی كورد دەستیانپێكرد، بەتایبەتی شۆرشی دیاربەكر كە لە نێوان ساڵانی 1930 – 1937 دابو، سنوری لە شۆڕشگێرە كوردەكانی ئاگری داخ داخست كە بەرامبەر توركیای كەمالی راستبوبونەوە و داوای مافی خۆیانئەكرد،هەروەكو چۆن فەرەنسیەكان خەتی شەمەنەفەری (حەلەب)یان بۆلەشكری ئەتاتورك كردەوە بۆئەوەی لەپشتەوە دزانە لە كوردەكان بدەن. بەم جۆرە یەكێتی سۆڤێتی كۆمۆنیستی ئادەمیزاد پەرست! و ئیمپریالیستی فەرەنسی سەرمایەداری خوێنمژ، یەكیانگرتەوە لە یارمەتیدانی كوردا بۆهێنانەدی مافی نەتەوەیی خۆی لە بڕینەوەی سەرەنجامی خۆیدا[1]!!.

[1] ئەمە سەرناوی كتێبێكە كە لێنین نوسیوێتیو كراوە بە ئەرەبی بە ناوی (حق الامم في تقرير مصيرها).

## بزوتنەوەی کوردایەتی

کوردەکان کەباری خراپی خۆیان دی بەدەست تورکو ئەرەبو ئێرانو ئینگلیزو روسو فەرەنسیەکانەوەو بەهەرلایەکدا ئاوڕیان ئەدایەوە، هەر تێسرەواندنبو و هیچیتر، بیرێکیانکردەوەو بەیەکداهاتن، بەڵام ئەمجارە ویستیان لەرێگەی پێکهێنانی هەندێک دامودەزگای سیاسیی رێکوپێکەوە، مافی خۆیان بەزۆر بسێنن. هەرچەندە بزوتنەوەی کوردایەتی رێکوپێک نەختێک لەم دەورە کۆنترەو ئەگەرێتەوە بۆساڵی 1908 واتا کاتێک کە حیزبی تەعالیو تەرەقیی کورد لە ئەستەموڵ دامەزرێنرا[1]. لەگەڵ ئەوەشدا، لاوانو ئەفسەرانو قوتابیانو رۆشنبیرانی کورد، کەوتنەخۆیان بۆ دامەزراندنی حیزبێکی نوێ بەناوی (هێڤی)یە وە لە ساڵی 1910دا کە ناوەندەکەی هەر ئەستەموڵ بو. پاش برانەوەی شەڕی جیهانی یەکەمو لەبەرەبەیانی دەمکردنەوەی گوڵی هیوای کوردا بۆ سەربەخۆیی، کۆمەڵەی ئیستیقلالی کورد لە 1918دا دروستبو[2]. حیزبی خۆیی بونیش پاش دابەشکردنی کوردستان لە کانونی یەکەمی 1927دا هاتەکایەوە.

---

[1] کۆنترین هیزبی کوردی ناوی (جەمعیەتی عەزمی قەومی) بوە. بەڵام، بەداخەوە لەم بارەیەوە هیچ زانیاریەکمان چنگ نەکەوت.
[2] بەدرخانیەکان خۆیان لەم کۆمەڵە جیاکردەوەو هیزبێکی تریان دانا بەناوی (جەمعیەتی تەشکیلاتی ئیجتیماعیە)وە.

بێگومان ئێمە نامانەوێ لێردا لەبارەی چۆنێتی دامەزراندنو بەڕێوەچونو روخانی ئەم حیزبانەوە بدوێین، چونکە ئەوە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتیە. بەڵام هەر ئەوەندە ئەڵێین: ئەو شۆڕشانەی کە لە سایەی ئەم کۆمەڵانەدا بەرپاکران، بەداخەوە هیچیان سەرینەگرت، وەک شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران کە لەساڵی 1925دا بەرپابو، شۆرشی ئاگری داخ کە لە بەینی ساڵانی 1927-1930دا هەڵگیرساو شۆڕشی دەرسیم کەلە ساڵی 1938دا رویدا. ئەوەش سەبارەت بەوەبو کە ئەم حیزبانە، نە رێکخستنێکی بەهێزو پتەویان هەبوە نە لەسەر بیروباوەڕێکی کوردایەتیی راستەقیەنە دامەزرابون، بەتایبەتی چونکە زۆرینەی ئەندامانی، ئەفسەرو فەرمانبەرو ئەفەندیو سەرۆک هۆزبون. بزوتنەوەکەش نەبوبو بە بیروباوەڕێکی نەتەوەیی ئەو تۆ کە لەناو جەرگەی نەتەوەی کوردا رەگدا بکوتێو بە هەمو سوچو گۆشەیەکی کوردستاندا پەل بهاوێژێ. هەروەها بەهۆی کالوکرچیی بزوتنەوەی کوردایەتیەکەشەوە. ئەو کاتە کاربەدەستانی ئەو کۆمەڵانە، گەلێکیان ئەوەندە خۆش بروابون، پێیان وابو لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشێکی کوردیدا، دەوڵەتە گەورەکان، هیج نەبێ بێلایەن ئەوەستن، یا یەکسەر یارمەتی کوردی داماو ئەدەن، بەتایبەتی روسیای لینین کە

خۆیکردبو بە باوکی گەلان[1]، تەنانەت ئەو ئاوە ئێستەش وا رژاوە گەلێک لەپیرە بەرێزەکانی خۆمان کە باسی کوردایەتیان بۆ ئەکەیت، جارێ بەر لە هەمو شتێك ئەڵێن کێتان لەگەڵە؟.

بێجگە لەمەش هەندێک لەم شۆڕشانە لە پاش دابەشکردنی کوردستان‌و جێگیربونی باری چەسپاو رویاندا. بۆیە سەرگرتنیان ئەستەمبو. گەورەترین نمونە بۆئەمە، شۆڕشەکانی شێخ مەهمودە کەلە خواروی کوردستاندا رویانداو ئەوەبو ئینگلیزە داگیرکەرەکان، بەو پەڕی توندی‌و جانەوەرێتیەوە، کوژاندیانەوە. تەنانەت مسز بیلی روسورا! بەشانازیەوە ئەیگێرێتەوە کەفڕۆکەکانی ئەوان ئەم شۆڕشەی شێخی دامرکانۆتەوە[2]. هەروەها هەمو شۆرشەکانی تری شێخ مەهمود ئەنجامیان لەمەی سەرەوە باشتر نەبو. خۆ شتێکی ئاشکرایە کەشۆڕشەکانی (بارزان)یش هەمو جارێك بەیارمەتیی ئینگلیز ئەکوژانەوەو هەردەمێ شۆڕشێکی کوردانە بەرپاببوایە، گورج گاڵی ناپیاو و سەرۆک هۆزە بێگانە پەرستەکانی لێ ئەدراو بەشێوەیەکی

[1]پاش ئەوەی شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیزەکان تێکچو و تورکەکانیش دەستیانکرد بەزاخا، رویکردە مۆسکۆ. لە نامەیەکدا کەلە 20ی کانونی دوەمی 1923دا بۆکۆنسۆڵی سۆڤێتی لەتەورێز نوسیوە، یەکێتی سۆڤێتی بە"رزگارکەری گەلان" داوەتە قەڵەمو داوای یارمەتی لە مۆسکۆکردوە. بەڵام سۆڤێتەکان کە"باوکی گەلان!"ن هەر وەڵامیشیاننەدایەوە.

[2] تەماشای کتێبەکەی مس بێڵ بکە:
BELL, Lady, Letters of Gertrude Bell. Lond, 1972.2 vols.

زۆر جانەوەرانە ئەکوژێنرانەوە. ئەمە بەسە بۆئەو "بە ئابڕوانە!"ی کە ئەڵێن هەمو شۆڕشێکی کورد پەنجەی ئینگلیزی تێدابوە!.

لە ئێرانیشدا، وەك لەمەوپێش وتمان، گەلێك شۆرش رویدا بە سەرۆکایەتی سمکۆو سەردار رەشیدو قەدەم خێرو... هتد. ئەمانیش هەر لەبەرئەوهۆیانەی سەرەوەو نەبونی دامودەزگای رێکوپێکی نەتەوەیی‌و نەگەیشتنی دەنگی کورد بەجیهان‌و بێ دەنگبونی سوێندخواران‌و دەوڵەتە گەورەکانی تر لە ئاستی کورداو کزیی هەستی نەتەوەیی بە تێکرایی لەناو کوردا، سەریان نەگرت.

لەپاش ئەوەی مەسەلەی موسڵ بڕایەوە[1]و کوردستان دابەشکرا و ئێراق‌و تورکیای تازە دروستبون، لە باشوری کوردستاندا گەلێک دامودەزگای سیاسی دامەزرێنرا، گرنگەکانیان: زەردەشت 1928،یەکێتی 1937،پشتیوانی 1938، برایەتی 1938. حیزبی (هیوا)ش هەر لە (1938)دا لەلایەن قوتابیەکانی کۆلێژی مافەوە دروستکرا کە ئەتوانین بڵێین (هیوا) لە هەمویان گەورەترو بەدەسەڵاتتر بو. چونکە پەلی کێشا بو بەسەر زۆرشوێنی کوردستانی باشورداو

[1] ویلایەتی موسڵ بەپێی بڕیاری کۆمەڵی گەلان (عصبة الامم) لە کانونی یەکەمی 1925دا خرایە سەر عێراق بەرامبەر ئەوەی کوردەکان لە کاروباری ناوخۆیدا خۆیان ببەن بەرێوە. بەڵام ئەو مافە هەتا ئێستە هەر لەسەر کاخەز ماوەتەوە و نەخراوەتە مەیدانی کارەوە.

تەنانەت ئەشڵێن ناوی لە رۆژهەڵاتی کوردستانیشا هەبوە. لەبەرئەوە، ئێمە واز لە حیزبە کەم تەمەنەکانی تر ئەهێنینو نەختێک لەسەر هیوا ئەڕۆین. چونکە هیوابناغەی گەلێک حیزبی تر بو کە لەم دواییەدا دروستبون، هەرچەندە نامانەوێ بە دورودرێژی لە بنچینەی هیواو چۆنێتی دامەزراندنی بدۆیین، بەڵام بە پێویستی ئەزانین باسێکی سیاسەتی هیوا بکەین.

هیوا، وەک دامودەزگایەکی سیاسی کوردانە، خۆراکی لەبیروباوەڕێکی نەتەوەیی سنور بۆکێشراوی ئامانج دیارەوە، وەرنەدەگرت، بگرە ئەتوانین بڵێین مۆری شەخس پەرستیو سۆز(عاتیف)ە کاری، ئاشکراترین مۆربو پێوەی. تەنانەت گەلێک لە جاسوسو نۆکەرەکانی بێگانەی وەك ماجد مستەفا[1] ، لەبەر لاوازیی رێکخستنو نەبونی بیروباوەڕی کوردایەتی، لە هەلی هەڵکەوتودا توانیبویان خۆیان بکێشنە ناویو پایەی گەورەشیان ببێ. نەبونی بیروباورو یەکێتی بیریش لەناو ئەندامە جۆرجۆرەکانی هیوادا کارێکی

[1]هەر ماجد مستەفا بەهۆی خۆشاردنەوەیەوە لەهیوادا، توانی یارمەتی ئینگلیزەکانو ئیراق بدا بۆ کوژانەوەی شۆرشی بارزان لە 1945داو دواییش بو بەئاگری بنکا بۆ روخاندنی حیزبی هیوا.

وای کردبو کە بە جارێك یەکێتیی رێکخستنیش نەمێنیّو هیزب ببێتە پاشا گەردانیو هەرکەس بۆخۆي!.

ئەو جاسوسانەی ئینگلیز کە کەوتبونە هیواوە، کارێکی وایانکرد کە رێبازو رێڕەوی هیزب، بێتە سەر ئەوەی باوەڕی بەیارمەتیی ئینگلیزبیّ!. بیجگە لەوەش، لە ئەندامە ساویلکەکانیشیان وائەگەیان کە گوایە هەر ئینگلیزە کورد رزگارئەکا! لەبەرئەوە هیزب ئەبیّ سیاسەتێك بگریّ کەلایەنی ئینگلیز بەرنەدات. لەلایەکیکەشەوە ئەو خوێندکارە کوردانەی کەلە هیوادا بونو لەبەغدا ئەیانخوێندو پەیوەندییان لەگەڵ کۆمۆنیستە ئەرەبەکاندا پەیداکردبو، بون بەهۆی دروستبونی کەلێنێکی گەورەو کوتەکی دایە دەست کۆمۆنیستەکان کەسیاسەتی ئینگلیزپەرستی هەندیّ لەو ئەندامە جاسوسانە بکەنە بڕوبیانو و هێرش بەرنە سەر هیواو پەلاماردانی هەمو جۆرە کوردایەتیەك. لەبەرئەوە هیوا هەر لە یەکەمین تاقیکردنەوەدا کەوتو لێکهەڵوەشاو بە مە کۆمۆنیستەکان رێیان بۆ پاکبوەوەو کەوتنە گوناهبارکردنی هەمو کوردپەروەرێكو تەنانەت ئەوانەی لەگوڵیش پاکتربون. لەهەمان کاتدا جاسوسەکانی ئینگیزیش شانبەشانی شیوئیەکان هەرئەهاتنەوە بەسەرو پۆتەڵاکی کوردە راستەکانداو زۆر بە شەیتانانە ناوو ناوبانگی کوردایەتیان پیسئەکرد. ئەوەی شایانی باسە، ئەمە لەو کاتەدابو کەلەشکری سۆڤێت ئێرانی

داگیرکردبو[1]و تا رادەیەك خوێندنو نوسین بە کوردی ئازادبو. لەبەر ئەوە شیوئیەکان زیاتر دەسیان گەرمبو و قسەکانیان زۆرتر ئەچوە دڵی خەڵکی ساویلکەو نەفامەوە.

لە روخانی هیزبی هیوا، دو تاقمی گەورە پەیدابو. تاقمێکیان ئەو شیوئیانە بون کە یەکسەر پەیوەندییان لەگەڵ هیزبی شیوئی ئێراقدا پەیداکردبو، تاقمەکەی تریش گوایە سەر بەکوردایەتی بون. ئەمانەی دوایی پاش ئەوەی سەردەمێکی زۆر بە دودڵی مانەوە، بونە هیزبی بەرەی رزگاری کورد. لەهەمان کاتدا تاقمێکی پچوکیتریش هەبون کە بەزۆری لە هەولیردا چەقیان بەستبو، ناویان لەخۆیان نابو شۆرش. ئەمانە خەیاڵی ئەوەیان هەبو کە حیزبێکی شیوئی کوردی سەربەخۆ دروستبکەن. بەڵام کە لە پاشدا دییان سەری نەگرتو خۆیانو شیوئیە کوردو ئەرەبەکان پشتگیریان نەکردن، هاتن لەگەڵ (رزگارییەکان)دا یەکیانگرت. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان هەردیسان جیابونەوە و چونەوە ناو هیزبی شیوئی ئێراق. لێرەدائەبێ بزانین کە لقێکی کۆمەڵەی (ژ.ك)[2] کە لە سلێمانیدا هەبو، ئەویش هەر چوە پاڵ رزگاریو لەم یەکگرتنانە، پارتی دیموکراتی کورد 16-08-1946 دروستبو.

---

[1]لە ئابی 1941دا سوپای سۆڤیت ئێرانی داگیرکرد ،ناوچەی ئازربایجانو بەشێك لە کوردستانیش.

[2]کورتەی (ژیانەوەی کورد)ە. پاش ماوەیەك باسی ئەکەین.

بەمجۆرە لەوکاتەوە بنچینەی دو دەستە خەڵک لەکوردستاندا پەیدابو، پارتی و شیوئی.

ئەمە لەئێراقدا. لەئێرانیشدا کە سەرەتای بزوتنەوەی کوردایەتی بە هۆی مریدەکانی شێخ ئوبەیدوڵلای نەهرییەوە، کە بەدەستی تورکەکان خنکێنرابو، ئەوانیش بانگەشەیان ئەکرد بۆ سەربەخۆیی کوردستان. پرسی سەربەخۆییش جۆشی سەندبو. دوایی چونی مستەفا پاشای نەمرود لەدەوروبەری هکومەتی شێخ مەهمودا بۆرۆژهەڵاتی کوردستانو بەسەرکردنەوەی هەندێ کوردی ناسراو، ئەو جۆشەی بەتینترکردبو. لەم کاتەدا، کۆمەڵی ئازادیی کوردستان، لەلایەن (زەندی)یەوە دامەزرێنرا. بەڵام سەبارەت بەوەی زەندی ناپاکی لێدەرکەوت، کۆمەڵی ئازادی کوردستان روخا. ماوەیەک کورد لەوێ هەروا بێ هیزب مایەوە، تا لەدواییدا کۆمەڵەی (ژ.ك)ی ناوبراو لەسەر داروپەردوی ئەم هیزبەو گەلێک کۆمەڵو دەستەی پچوک پچوک لە مەهاباد لە 1942دا[1] دروستبو. ئەوە بو لە ئەنجامدا کە قازی مهەمەد هاتە ناو (ژ.ك)ە وەو کۆماری کوردستانی لە 22-01-1946دا بە یارمەتی روسەکان دامەزراند، ناوی کۆمەڵەی (ژ.ک) لەسەر خواستی روسەکان گۆڕا و لە تشرینی دوەمی 1945دا بوبە حیزبی دیموکراتی

[1]بەرامبەر 25ی شەهریوەری 1321ی (شەمسی).

کوردستان.

## شیوئێتی لە کوردستاندا

ئەو هۆیانەی ئاگری بڵاوبونەوەی شیوئێتیان خۆشکرد بەم فراوانیەی ئێستایو سەریان لە دانیشتوانی کوردستان تێکدا، بریتین لە:

1- نەبونی بیروباوەڕێکی نەتەوەیی چەسپاو لە دامودەزگایەکی سیاسی بەهێزی رێکوپێکدا کە بتوانێ هەڵەکانی ئەو دامودەزگا کۆنە روخاوە بێ فەلسەفەو باوەڕانە بخاتە بەرچاو و لەخەڵکی بگەیەنێو چاوێك بەو سەنگانەدا بگێڕێتەوە کە لەوەو بەر هەڵسوکەوتی خەڵکیان پێکێشراوەو هەر لەو رێگەیەوە بەربەستێك دروستبکا بەرامبەر لێشاوی بیروباوری نانەتەوەییو لەهەمان کاتدا چەکێکی فیکری بداتە دەست گشت کوردێکی دڵسۆز بۆبەربەرەکانی هەمو جۆرە بیروباوەڕێکی بێگانە. بەنەبونی ئەمە، رێگە بۆ شیوئیەکان تەختبو کەدەست بەسەر بیری خەڵکیدا بگرنو لە باری سەرنجی مارکسیەوە بزوتنەوەی کوردایەتی شبیکەنەوەو ئەم باری سەرنجەش بسەپێنن بەسەرخەڵکدا.

2- وەکو وترا، فەلسەفەی ئەم دامودەزگا سیاسیە کۆنانە، بەهۆی جاسوسەکانی ئینگلیزەوە، وای لێهاتبو کە گوایە ئینگلیز بە پشتیوانو

هاودەنگی کورد بدریتە قەڵەم. کەچی بەپێچەوانەوە، لەجیاتی ئەمانە ئینگلیز وادەرکەوت کە بە هیچ جۆرێك پشتی پێ نابەسترێت. بیروباوەڕێکی واش لە کایەدا نەبو کە لەمە کەڵك وەرگریو بیکا بەدەرس بۆ هەمو جوڵانەوەیەکی پشت بە بێگانە بەستو. لەبەر ئەوە خەڵکی کە لە ئینگلیز ساردبونەوە، شیوئیەکان وەستایانە توانیان ئەم هەلە لەدەست نەدەنو لەخەڵک بگەیەنن کە هەر روسە مافی گەلان ئەداو لە تەنگانەدا فریای کوردی بێکەس ئەکەویو هەرئەوە کە بتوانێ بەربەرەکانی ئینگلیزی پێبکرێ.

3- بەتایبەتی کە یەکێتی سۆڤێت لە شەڕی جیهانی دوەمدا بەرامبەر بەهێزی ئەڵمانیای هیتلەری خۆی راگرتو کاتێ کە ئێرانیشی داگیرکرد، فەرمانرەواییەکی ناوخۆیی بۆکوردەکانی ئەوێ دروستکرد. شیوئیەکان لەمەوە دەنگیان دلێربو و توانیان لەخەڵک وابگەیەنن کە مادام لە کۆنەوە ئینگلیز هەر دەستی دەستی بە کورد ئەکاو هیچی بۆنەکردوە، ئیتر بۆچی دەست لە ئینگلیز نەشۆرینو رونەکەینە روسەکانو بە تایبەتی ئەمە دو رۆژە هاتونەتە ئێرانەوە، کەچی ئەوەتە "کۆمارێکی" دامەزراندوە کە ئەبێ بە بنکەیەک بۆ یەکگرتنەوەی هەمو کوردستان[1].

---

[1] تەنانەت هۆنەری کورد (هەژار)کە ئەو دەمە لە روی خۆشباوەڕییەوە باوەڕی بە روسەکان هێنابو وتبوی:
کوردە ئەتەوێ ببیت سەربەخۆ

خەڵکی سادەو بێدەسەڵاتیش دیارە پیاوی بەهێزیان خۆشئەوێ، بەتایبەتی ئەگەر ئەو خاوەن هێزە پێی سەلماندن بەرامبەر زۆردار پشتگیریان ئەکا. لەبەر ئەوە کوردی ساویلکەی لەگوێی گادا نوستو، زو بەمە هەڵخەڵەتان‌و جۆشیان سەند. دەکە کۆماری مەهابادیش پاش خۆکیشانەوەی روسەکان لە تشرینی دوەمی 1946دا روخێنرا، دیسانەوە پروپاڵانتەی زۆڵانەی شیوئیەکان‌و فەریکە مارکسیەکان، سەری وا لە خەڵک تێکدا کە ئۆباڵی روخانەکەی هەر بەتەنیا خرایە ئەستۆی ئیستیئماری خۆراوا و روسیا وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچو. لەبەرئەوە کوردی سادەو نەفام‌و خۆشباوڕ، ڕویان لە روس وەرئەگێرا.

4- شیوئیەکان  دروشمی هەرە گەورەیان "برایەتی"ی نێو کوردو نەتەوەکانی تربو، ئەمە وەنەبێ درۆشمێکی تازە بوبێت. بەڵکو زۆر لە کۆنەوە جلخوارەکان‌و بێگانە پەرستەکانی سەردەمی ئوسمانلی‌و ئاین‌و ئۆین بازەکانی ئیسلامەتی بەناوی ئەم برایە تیە درۆزنەیەوە، زۆر جار رێگەیان لەکوردایەتی گرتوە. کە هەستی کوردایەتیش نەختێ هێزی

---

بڕۆ هەراکە، تۆ بەرەو مۆسکۆ
قسەی درۆیە سان فرانسیسکۆ
بژی ستالین خۆشبێ چەکوش‌و داس
لە ژێر ئیستبداد کوردی کرد خەڵاس

پەیداکرد، ئەم سەگوسواڵە بەکرێگیراوانە بەئاشکرا نەیان دەوێرا دەری ببرن. بەڵام هەر کەشیوئیەکان ئەم دروشمی برایەتیەیان هێنایەناوەوە، ئەوسا کاسەلێسەکانی ئینگلیز، گورج قۆزتیانەوەو کردیانە کوتەکی دەستیان، نەك لەبەرخاتری شیوئیەکان، بەڵکو تەنها بۆرێگرتن لە کوردایەتی. بە داخاوە ئەڵێین گەلێ کوردی پاکیش، ئەم درۆشمەی لەروی ساویلکەیەتیەوە وەرگرتو بەم برایەتیە بێجیَو رێیە هەڵخەڵەتا. سەرەرای ئەمانەش ئەم برایەتیە بەکەڵکی حکومەتەکانی ئێراق‌و ئێران‌و تورکیا و... هتد ئەهات. لەبەرئەوە، بە پێی بەرژەوەندیی ئینگلیزەکانیش، ئەمانە دەستیان بە پشتەوە ئەگیرا و رێگا لە بزوتنەوەی شیوئێتی نەدەگیرا. چونکە تەنانەت داگیرکەرانی کوردستان کە دوژمنی شیوئێتیش بون، دیسانەوە هەر خەتەری کوردایەتیان لا زلتربو لە خەتەری شیوئێتی. لە بەر ئەوە سیاسەتێکی تایبەتیان بەرامبەر شیوئیەکانی کوردستان بەکار ئەهێنا کە ئێستاش هەروایە. ئەوەتا باژێرەکانی کوردستان پڕن لەو نوسراوانەی کە ئەچنەوە سەر بیروباوەڕی شیوئێتیو کوردستانی ئێراق ،بە تایبەتی هەولێرو سلێمانی، بۆتە پەناگە بۆ ئەو شیوئیە ئەرەبانەی کە لە ترسی کوشتن‌و

بڕین لە ئەرەبستانەوە هەڵاتوبون[1].

5- لەبەر ئەوەی شیوئیەکان تیکۆشانیان لەسەر بنچینەی هەرێمێتی (قوطر)ییە، دیارەهەموکاتێک پارێزگاری ئەم سنورە دەستکردانەی ئێستە ئەکەنو داگیرکارانی کوردستانیش کە هەمو هەوڵێکیان بۆ چەسپاندنی ئەم سنورە دەستکردەی ئێستەیە، هەمو کاتێک باوەش بۆ شیوئیەکان ئەکەنەوەو ئەیانکەنە داردەستو کوتەکی خۆیان بۆ لێدانی ئەوانەی بڕوایان بەم دابەشکردنەی کوردستان نیە. جا لە بەرئەمەیە کە شیوئێتیکردن، لە میری ترسانو سڵکردنەوەیەکی ئەوتۆی ناوێ لە کوردستاندا، ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ کوردایەتی. ئەو کوردایەتییەی کە بەڕاستی بۆ یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد تێئەکۆشێ لە نیشتمانێکی یەکگرتودا، بۆمان دەرئەکەوێ کە بەکرێگیراوانی داگیرکەرانو پیاوانی ئینگلیز کە کاتی خۆی رایان لە گەڵ داگیرکەراندا کردوە بەیەكو ئێستەش هەر لە تەقەلادان بۆراگرتنی ئەم باری دابەشکردنو رەنگ رشتنە. شیوئیە زۆڵەکانیش هەمو قۆڵیان کردوە بە قۆڵی یەکدا بۆ سەرپان کردنەوەی ئەوانەی کوردایەتیی راستەقیەنەیان کردوە بەرێبازی تیکۆشانیان. لەبەر ئەوە، لەم زەلکاوە پیسەدا دیارە

[1]تەنیا شارێکی کوردستان کە رێی بڵاوبونەوەی شیوئێتتی کەم پێدراوە کەرکوکە. ئەویش بۆ پاراستنی دەسکەوتی ئینگلیزەکانە لەچاڵە نەوتەکاندا.

هەمو کاتێک شیوئی ئەتوانێ راوی خۆی بکات.

6- بەلای ئێمەوە شیوئیتی بەزۆری لەوڵاتێکدا گەشە ئەکاو جێی خۆی ئەکاتەوە کە رژێمی دەرەبەگێتیو خەڵک روتاندنەوەو ئاژاوەی ئابوری تێدا گەرمبێ بە پێچەوانەی قسەی کارل مارکسەوە کە ئەڵێ شیوئێتی زیاتر لەو ڵاتە پیشەسازییەکاندا بڵاو ئەبێتەوە. چونکە سەرکەوتنی شیوئێتی لە روسیای قە یسەریو چینی شان کای شیکدا کە دو وڵاتی کشتوکاڵی دواکەوتوبونو سەرنەکەوتنی لە ئینگلتەرەو ئەڵمانیادا کە دو وڵاتی پیشەسازیو پێشکەوتوبون، راستیی ئەم قسەیە بۆ هەمو لایەك دەرئەخا. کوردستانیش لەبەر ئەوەی لەسایەی رژێمی دەرەبەگێتیدا ئەژیو سەروەتو سامانی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەش ناکرێو رەنجکێشو ئیشکەر زۆربەی لەبەروبومی رەنجی خۆیان بێبەرین، زوڵم و زۆرو چەوساندنەوەی نەتەوەیی بێ ئەندازەش لەولاوە بوەستێ، ئیتر شتێکی سەیرنیە کە کورد گوێ بۆ ئەم قەوانانەی شیوئیەکان شلبکا کە هەمیشە بەناوی چونیەکیو دادی کۆمەڵایەتیو یارمەتی چینی کرێکارەوە لێئەدرێ. لەبەرئەوە زوربەی زۆری کوردی هەژاری روتەو چەوساوە دوای شیوئێتی کەوتن بەو مەبەستەی کە گوایە رزگارکەری چینی هەژارانە.

7 - ئاشكرايه له ناو هەمو كۆمەڵگايەكدا لەبەر هەر هۆيەك بێ پياوی رەوشت نزمو خوێرىو بێئابرو و پاشڵ پيس زۆرن. لەگەڵ ئەوانەشدا گەلێک هەن كه تەمەڵو تەوەزەلو بێكارەو لەژيان دواكەوتوو له قافڵه بەجێماو و گەوج و گەلۆرن، ده دياره ئەوانه ئارەزوی ئەم بيروباورانه ئەكەن. چونكه هەمو كەموكوڕيەكی خۆيانو خزمو كەسوكارو بنەماڵەيان بۆ دا ئەپۆشىو لەسەر حسابی خەڵكی نايانخاته بەزمو كەيفـو رابواردنەوه. چونكه شيوئيەكان خووره وشت به (مەفاهيمی بۆرجوازێتی) لێك ئەدەنەوەو رەوشتی بەرز بەلايانەوه ئەوەيه پياو بۆ سەركەوتنی شيوئێتی تێبكۆشىٚ لەم جيهانەداو ئيتربه هەر ڕێگەيەك ئەبێ بابىٚ. ئەگينا ئەوان بڕوايان بەيەكێتی خێزانو ناموسو ئابڕو نيه. ئەوان ئەيانەوێ هەمو شتێك "ناوكۆيی" وباوبێ. تەنانەت ئافرەتيش ئەبێ هەر وابێ. چونكه ئەويش هۆيەكه بۆ بەرهەمهێنان. لەبەرئەوه نابێ تاكه يەكێك دەستی بەسەردا بگرىو خەڵكی لێی بێبەشبێ. هەروەها نابێ يەكێتی خێزان بپارێزرێت، چونكه پێيان وايه ئەمه ئەبێته هۆی ئەوەی پياو بير له دوارژی منداڵه كانی بكاتەوەو هەوڵيان بۆ بداو پارەيان بۆ كۆبكاتەوه. كه دياره ئەوەش له ڕژێمی شيوئێتيدا دەست نادات.

## هەندێك زانیاری لەبارەی شیوئێتیەوە

ئێستە بەرلەوەی لەدەست درێژی شیوئیەکان بدوێین بۆسەر ڕەوشتو رەفتاری جوانو بزوتنەوەی کوردایەتی بەتایبەتی، پێویستە جارێ بیروباوەڕی شیوئێتی لە باری سەرنجی نەتەوەییەوە کەمێک شیبکەینەوە.

شیوئێتی واتا مارکسێتی لە مەیدانی هێنانەکاردا. کە مارکسێتیش لەسەر کۆڵەکەی "نانەتەوەیی = الاممیة" دامەزراوە. ئەم بیروباوەڕی "نانەتەوەی"یە هەرچەندە زۆر کۆنەو گەلێک دامودەزگای ئاشکراو نهێنی (بەتایبەتی جولەکەکان) بانگی بڵاوبونەوەیان بۆداوە لەپێش "مارکس"دا، بەڵام بەزۆری بە ناوی (کارل مارکس)ەوە ناوبانگی سەندوە. چونکە مارکس یەکەم کەسبو کەئەم بیروباورەی خستە قاڵبێکی سنوربۆکیشراوەوەو بەستی بەمەسەلەی بەرژەوەندیی ئابوری‌و خەباتی چینایەتیەوە. لەبەرئەوە بەپێویستی ئەزانین لە پێشدا باسێکی کورتی "نانەتەوەیی" بکەین.

## نانـــەتـــەوەیـــی

نانەتەوەیی، مانای پێکەوە تێکۆشانی چەند نەتەوەیەک بۆ توانەوەیان لە بۆتەیەکی یەکگرتودا. واتا مۆری نانەتەوەییان بەچەند نەتەوەیەکی جیاوازەوە، کەئەمەش رێخۆشکردنە بۆ ئەو خەباتە چینایەتیەی مارکسیەکان باسی ئەکەن.

بەپێی ئەم بڕوایە، ئادەمیزاد پێك نەهاتوە لەچەند نەتەوەیەکی جیاوازی بەرژەوەندی جیواز، بەڵکو لەچەند چینێکی جیاوازی بەرژەوەندی جیاواز. جا بۆ ئەوەی ئەو چەند نەتەوەیەی بەیەکەوە ئەژین، یا باری سیاسی وای لێکردون پێکەوە بژین‌و بمێننەوەو لە پاشەڕۆژدا بەربەرەکانی نەکەوێتە نێویانەوەو بتوانن پێکەوە خەباتی چینایەتی خۆیان بکەن، شیوئێتی بۆ ئەو مەبەستە زاراوەی (نانەتەوەیی) بەکارئەهێنێ کە ئاشکرایە برایەتی کوردو ئەرەب‌و تورک‌و جوو روس، لەم سەرچاوەیەوە هەڵقوڵاوە. گومانی تێدا نیە کە بڵاوبونەوەی ئەم باوەڕە لەناو هەمو نەتەوەیەکدا، یەک ئەنجام نابەخشێ، چونکە نەتەوەیەکی یەکگرتوی بەهێزی بەدەسەڵات کە خاوەنی چەندین دامودەزگای نەتەوەییبێ، لەهەمو کاتێکدا بەسەربەستی ئەتوانێ مێژوی نەتەوەیی خۆی پەروەردە بکاو هەزاران لاوی خاوەن هەستی نەتەوەیی

بخاتە ژێر چەکەوە. دەدیارە نەتەوەیەکی وا، بیروباوەڕی نانەتەوەیی، ناتوانێ گیانی نەتەوەیی تێدا بکوژێو لە ریشەی دەربهێنێ. تەنیا ئەوەندەی پێئەکرێ، کەمێک لە توندوتیژی کەمکاتەوە. بەڵام لە ناو نەتەوەیەکی پچڕپچڕی مێژو لەبیرچوی زمان یەکنەگرتوی خاک دابەشکراوی وەک کوردا، کە هەستی نەتەوەیی بە هەزاران فێڵو بەربەرەکانی تیا بەربەستکراوە، ئەڵێین لە ناو نەتەوەیەکی ئاوەهادا، هیچ گومانی تێدا نیە کە بیروباوەڕی نانەتەوەیی، گیانی نەتەوەیی تیائەکوژێو دەستیشیان پێ تێکەڵاوئەکا لەگەڵ داگیرکەرانی خاکەکەیانداو وایان لێئەکا ئەو داگیرکەرانە بە برای خۆیان بزانن!. ئەمە لەلایەکەوە، لە لایەکیترەوە شیوئیەکان بۆ تێکەڵاوبونی ئەو چەند نەتەوەیە، بەهەمو هێزێکیانەوە تێئەکۆشن کە بە هۆی دەسکەوتی ئابوریی هاوبەشەوە، بیانبەستن بەیەکەوە بۆئەوەی لە پاشدا بڵێن: جیابونەوەی نەتەوە بچوکەکان زیان لە بەرژەوەندیی (پرۆلیتاریا) ئەدا! کە ئەمەش لەباسی مافی بریاری چارەنوسدا نەختێک لەسەری ئەڕۆین.

ئەمجا ئەگەر ئەوە بێنینەوە بەرچاوی خۆمان کە لینین ئەڵێ "ئەمە قسەیەکی راستە، چونکە پێداویستییەکانی ئابوری، هەمیشە ئەو نەتەوانەی لەیەک دەوڵتدا ئەژین (مادام بیانەوێ پێکەوە بژین) ناچار ئەکا کە زمانی زۆرینە (الاكثرية) فێربن تا رژێمی فەرمانڕەوا لە

روسیادا شێوەیەکی دێموکراتیانەتر وەربگرێ!. رژێمی سەرمایەداریش، توندتر پاڵ بە نەتەوە جۆربەجۆرەکانەوە ئەنێ بۆئەوەی فێری ئەو زمانەببن کە لەبارترە بۆپەوەندیی بازرگانی هاوبەش[1].

مانای ئەمە وایە لە پلەی یەکەمدا زمانی نەتەوە گەورەکە لەناو ئەوانیتردا بڵاوئەبێتەوە. لەپاشدا زمانە بێ هێزەکان لەناو ئەبات وەک لۆزۆلۆفی شیوئی روسی بە ئاشکرا ئەمەی یەکالاکردوەتەوە کە ئەڵێ: "بێ گومان جیاوازیی بەینی نەتەوە سۆسیالیستەکان شتێکی هەتاهەتایی نیە. چونکە ئەم جیاوازیە لە دواییدا نامێنێ. لە پلەی زال بونی سۆسیالیزم لە تاکە وڵاتێکدا، ئەو مەرجانە دەسناکەون کە پێویستن بۆ لەیەکدا توانەوە (اندماج)ی نەتەوەکانو زمانە نیشتمانیەکانیان"[2].

"بەڵام لەسەردەمی شیوئێتیدا، ئەم جیاوازیانە نامێننو زمانە نیشتمانیەکان لەناوئەچنو نەتەوەکانیش لەیەکدا ئەتوێنەوە. لەپاش تێپەڕبونی زەمانێکی دورودرێژیش، زمانێکی هاوبەش دەست بە

---

[1] - لنين. ملاحظات انتقادية حول المسالة الوطنية. حق الامم في تقرير مصيرها. دار الطبع والنشر باللغات الاجنبيه – موسكو – لا. (٥).

[2]كوزلوف. امتنان – بورجوازية خ اشتراكية. تعريب و اصدار دار ابن الوليد. مطبعة الجمهورية – دمشق. لا. (٦٨).

پەیدابون ئەکات"[1].

"بەڵام ئادەمیزاد ئەم زمانە هاوبەشە ناکات بە ماڵ بەسەر خۆیەوە هەتا رژێمی ئابوری شیوئیانە لە جیهاندا بەچاکی بنبەست ئەبێ، کاتێکیش شیوئێتی تێکەڵ بە ژیانی هەمو گەلانی جیهان ئەبێو لە یەکدا توانەوەی نەتەوەکانو زمانە هاوبەشە جیهانیەکە تەواو بە وێنەیەکی سروشتی روئەدات، زمانە نیشتمانیەکان لە خۆیانەوە لە ناوئەچنو جێگە چۆڵئەکەن بۆزمانێکی جیهانی کە هەمو نەتەوەکان تێیدا بەشداربن. بەڵام لە دایکبونی ئەم زمانە، بەستراوە بە پێویستیە زیندوەکانی ئابوری شیوئیانەی یەکگرتوی جیهانیەوە"[2].

## بیروباوەڕی مارکسێتی

ئەوەی بۆ ئێمە پێویستبێ لە مارکسێتیدا، جارێ هەر ئەولایەنەیە کە پەیوەندیی بە نەتەوایەتیەوە هەیە. لەبەرئەوە، ئێمە بەزۆری باسەکەمان ئاراستەی ئەولایەنە ئەکەین.

بە پێی بیروباوەڕی مارکسێتی، ئەم جیهانە شتێکی یەکجار کۆنو

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشو. لا. (٦٩).
[2] هەمان سەرچاوەی پێشو. لا. (٧٠)

بەتەمەنەو لەلایەن هیچ هێزێکی میتافیزیکیەوە دروستنەکراوە. بەڵکو تەنیا لە پێشکەوتن (تطور)ی ماددەوە دروستبوە بێ خاوەنو کارگێڕو دروستکەر(خالق). ئەو مادەیەش هەمیشە لە جوڵاندایەو هەرگیز وەستانی بۆنیە. چونکە وەستان لەم جیهانەدا نیە. کۆمەڵگای ئادەمیزادیش کە بەشێکە لەم جیهانە، کۆمەڵگایەکە لە چەند چینێکی جیاواز پێکهاتوە. ئەم چینانە لە جەنگێکی بەردەوامدان لە ناو خۆیاندا. هۆی ئەم جەنگەش تەنیا ناکۆکیی بەرژەوەندی ئابورییانە کە پاڵیان پێوەدەنێ بۆ لەیەکبەربونو خەباتکردن. لە ئەنجامی ئەم خەباتەشدا چینی تازەی بەهێز سەرئەکەوێو چینە کۆنە پیربوە کەڵک پێوەنەماوەکەی پێش خۆی لەناو ئەباو دەست بەسەر خێروبێری ئەو کۆمەڵگایەدا ئەگرێ، هەتا ئەمیش پیرئەبێو لەکەڵک ئەکەوێ. ئەوسا جارێکیتر ناکۆکی لەناو کۆمەڵگادا دروست ئەبێتەوەو ئەم ناکۆکیەش چارەسەر ناکرێ تا چینێکی تری تازە نەیەتە کایەوەو جێی ئەمە نەگرێتەوە.

هەر بەپێی سەرنجی مارکسیتی، کۆمەڵگای ئادەمیزاد لە ماوەی ئەم پێشکەوتنە (تطور)ەدا تا ئێستە بە پێنج پلەدا تێپەڕیوە: کۆمۆنیزمی سەرەتایی، بەندەگەرێتی، دەرەبەگێتی، سەرمایەداری، هاوبەشی. دوای ئەمەش پلەی شیوئێتی دێ کەهێشتا نەبینراوەو گوایە بەرزترین پلەی

پێشکەوتنی کۆمەڵگایە. چونکە بەلای ئەوانەوە لەو پلەیەدا کۆملْگا ئەبێتە کۆمەڵگایەکی بێ چینی نانەتەوەیی.

مارکسیەکان هەر لەم گۆشەیەوە مێژو لێکئەدەنەوەو ئەڵێن گوایە مێژو بریتیە لە سەرجەمی کارەساتی شەڕەکانی نێو چینەکانی کۆمەڵگا بەهۆی ناکۆکیی دەسکەوتی ئابوری ئەم چینانەوە. هەروەها هەمو جۆرە بزوتنەوەو چالاکیو هەڵسوکەوتێک کە لە ژیانی مرۆڤدا روئەدا، هەربەمجۆرە لێکئەدەنەوە. وێنەش بۆ ئەمە، ئەوەیە کە دێنە سەر باسی بزوتنەوەی نەتەوەیی، ئەڵێن گوایە ئەم بزوتنەوەیە دەستکردی چینی بۆرجوازیو سەرمایەدارە. چونکە بەلای ئەوانەوە بەرژەوەندیی ئابوری، پاڵ بە بۆرجوازیەکانەوە ئەنێ کە گیانی نەتەوەیی بهێننە ناوەوە تا هەستو هۆشی چینی کرێکارو رەنجکێش سڕبکەنو لە ئەنجامدا چەند پارچەیەک وڵات بە ناوی "نەتەوایەتی"ەوە لێکبدەن بۆ فراوانکردنی باژێڕو گەشە پێدانی سەرمایەی خۆیان. خۆ ئەگەر بۆیان بکرێ ئەوا هەر لەرێی هوروژاندنی گیانی نەتەوەییەوە، ناکۆکی دروستبکەن لە نێوان نەتەوەکەی خۆیانو نەتەوەیەکی تردا بۆداگیرکردنی وڵاتەکەیو بەستنی خاکەکەی بە وڵاتی خۆیانەوە بە ئامانجی گەورەکردنی باژێڕەکەیانو مژینی خوێنی چینی زەحمەتکێش.

ئەمە لێکدانەوەی "نەتەوەیی"ە بەلای ئەوانەوە. واتا نەتەوایەتی لە گۆشەی بیروباوەڕی مارکسیێتیەوە، دەستکردی چینی بۆجوازیە.

جاکە نەتەوایەتی، بزوتنەوەیەکی بۆرجوازیانەبێ، دیارە هەر بە نەمانی چینی بۆرجوازی، ئەبێ ئەو بزوتنەوەیەش نەمێنێو نەتەوایەتیش بەرەو "نەمان" بڕوا. مارکسیەکان بەم پێیە باوەڕیان وایە کە نەتەوایەتی شتێکی کاتییە. بۆیە گەلێجار لەناو نەتەوە پاشکەوتوو بێ دەسەڵاتەکاندا، هەوڵئەدەن بە زوترین کات ئەم پلەی بۆرجوازێتیە ببڕن. واتا هیچ دەربەست نایەن ئەگەر ئەو نەتەوەیە بشتوێتەوەو شوێنەواری نەتەوەیی ونبکەن بۆئەوەی یەکسەر بیخەنە خەباتی چینایەتیەوە بۆ زو گەیشتنە پلەی کۆمۆنیزم.

دیارە ئەم قسەیە بەلای ئێمەوەو لە گۆشەی بیروباوەڕی ئێمەوە راستنیە. ئێمە نەتەوایەتی بەروداوێکی کاتی یان بەدەستکردی چینی بۆرجوازی نازانین. چونکە ئەگەر ئەم لێکدانەوەیەی ئەوان راستبوایە، ئەبو لەوڵاتێکی وەکو روسیادا کە ئێستە لە پلەی هاوبەشی (اشتراکی) دایەو گوایە خەریکە بەرەو شیوئێتی ئەڕوا، ئەبو بەم پێیە نەتەوایەتی بەجارێک ناوی لە ناواندا نەمایە. کەچی دوبەرەکیو لێوەکرۆژە لە نێوان نەتەوەکاندا تا ئێستە لە زەمانی "قەیسەر" زۆرترو توندوتیژترە.

بەڵگەشمان بۆئەمە ئەوەیە پڕوپاگەندەی حکومەتی سۆڤیەت لە جەنگی جیهانی دوەمدا، ڕێبازێکی نەتەوەیی گرتبو نەک نانەتەوەیی. چونکە کاربەدەستانی سۆڤیەت بە تاقیکردنەوە بۆیان دەرکەوتبو کە پڕوپاگەندەی نانەتەوەیی، خەڵکی ناهێنێتە جۆش. هەروەها مێژو پیشانیئەدا کە زۆر نەتەوە هەبون دەسکەوتی ئابوری خۆیان خستۆتە لاوە لە پێناوی پاراستنی نەتەوەو نەتەوایەتی خۆیاندا. وێنەش بۆئەمە ناوچەی (سار)ە کە لەکاتی خۆیدا خرابوە سەر فەرەنساو لە باری ئابوریەوە بە توندی بەسترابو بە فەرەنساوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە پاش بڕانەوەی جەنگی جیهانی دوەمیشو تەواوبونی مۆڵەتە پانزە ساڵیەکەش بۆراپرسی (ریفراندۆم)، واتا لە ساڵی ١٩٦٠دا کە رای خەڵکی وەرگیرا، خەڵکەکە هەمو شەقێکیان لەو بەرژەوەندی ئابوریە هەڵدا کە لەگەڵ فەرەنسیەکاندا هەیانبو و باوەشیان بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی گرتەوە لەگەڵ هاونەتەوە ئەڵمانەکانیاندا، چونکە خەڵکی ناوچەی (سار) ئەڵمانن. هەروەها گەلی (سوریا)ش لە ساڵی ١٩٥٧دا هەستی نەتەوەیی وای لێکرد بە هەمو کوڵو دڵێکەوە بچێتە ناو یەکێتی ئەرەبەوە لەگەڵ (میسر)دا، هەرچەندە گەلی (سوریا) ئەشیزانی کە لەروی ژیانی ئابوریەوە گەلێک تەنگاوی ئەبینێ. ئەم دو وێنەیە بەسن بۆ بەرپەرچدانەوەی شیوئیەکان لەم بارەیەوە.

## باری سەرنجی ستالین بەرامبەر نەتەوایەتیی

ستالین بە فەیلەسوفی شیوئیەکان ئەژمێردرێ لەروی شیکردنەوەی گیروگرفتەکانی نەتەوایەتییەوە بە پێی سەرنجی مارکسێتی. ستالین، ئابوریی هاوبەش بە گەورەترین نیشانەی نەتەوە دائەنێو ئەیخاتە پێش زەوی‌و زمان‌و مێژوو هەستی هاوبەشەوە.

بێجگە لەوەش ستالین، دەوڵەت بە نیشانەی نەتەوە دانانێ. چونکە لایوایە – کە ئەمە راستیشە- هەر نەتەوەیەک دەوڵەتی نەبو وەنەبێ ئیتر نەتەوە نەبێ.

کەچی سەیر ئەوەیە هەر ستالین خۆی ئابوریی هاوبەش بە نیشانەی هەرگەورەی نەتەوە دائەنێ. کەواتە دیارە ستالین لە ژێرەوە دان بەوەدا ئەنێ کە دەوڵەت دەستێکی زۆر باڵای هەیە لەم رووەوە. چونکە ئەوی راستی بێ، دەوڵەت‌و ئابوری، لەیەک جیاناکرێنەوە. ئەی ئەگەر وانیە بۆچی شیوئیەکان هەوڵ ئەدەن هەرچی دەوڵەتی دنیا هەیە بیخەنە ژێردەستی خۆیانەوە؟. ئەی ئایا ئەمە بۆ ئەوەنیە کە رژێمی ئابوری ئەو دەوڵەتانە بگۆڕن لە رێگەی دەسبەسەراگرتنی دەوڵەتەوە؟ خۆ ئەگەر دەوڵەتیان بەشتێکی گرنگ نەزانیایە، ئەبو بیانتوانیایە بە بێ دەستگرتن بەسەریدا، رژێمە ئابوریەکەی بگۆڕن.

ئنجا کەوابێ ئەبێ بپرسین ئەی بۆچی ستالین بە سەرزاری ناوی دەوڵەت نابا؟ ئێمە بڕوامان وایە وەرامی ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ:

1- چونکە مارکسیەکان – وەکو وتمان- هەمو بزوتنەوەیەک ئەبەنەوە سەر ناکۆکیی ئابوری نێو چینەکانی کۆمەڵگا.

2- چونکە خۆشیان ئەزانن ئەگەر ناوی دەوڵەت بەرنو بیکەن بە مەرج بۆ نەتەوە، دیارە ئەو نەتەوانەی دەوڵەتیان نیە، بە جارێک لێیان زیزئەبن، بە تایبەتی خۆیان لەسەد نەتەوە زیاتر وا لە ژێردەستیاندا کە حەفتایان پتر، تەنانەت خودموختارییە درۆینەکەشیاننیە. بەڵام کە وتیان "ئابوری" خۆی لە ناوەرۆکدا وەکو وتمان مانای "دەوڵەت" ئەگرێتەوە. ئیتر پێویست ناکا ناوی دەوڵەت بەرنو خۆیان بخەنە گێژاوەوە.

3- چونکە یەکێتی سۆڤیەت، بە دەیان نەتەوەی بێ دەوڵەتی تێدایە. خۆ ئەگەر بێتو هەر یەکەیان دەوڵەتێکی سەربەخۆیان بدەنێ، ئەوا روسیا دەستی لە بنی هەمانەکە دەرئەچێ. هەروەها وەکو لە پێشەوە وتمان، دەستکەوتی ئابوری، گەلێ نەتەوە، بەیەکەوە ئەبەستێو زمانی نەتەوە گەورەکە زاڵ ئەکا بەسەر ئەوانیتردا. هەرلەسەر ئەم دەستورەش، روسەکان ئەیانەوێ نەتەوە پچوکەکانی یەکێتی سۆڤیەت کە دەوڵەتیان نیە، لە بۆتەی نەتەوایەتی روسدا بیانتوێننەوە.

ئەمە وا، خۆ ئەگەر سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت سەیربکەین، ئەبینین هەمو ئەو دەوڵەتانەی کە شیوئیەکان خۆیان پێی ئەڵێن "دەستکردی ئیستیئمار"و لە هەمان کاتدا کوردستانیان داگیرکردوە، روسیاش هەمیشە مێچکە مێچکەیان بۆئەکاتو چەکو پارەیان ئەداتێ بە لێشاو و چاو لەهەمو ئەو کوردانە ئەپۆشێ کە لە ژێر باری گرانی ئەو دەوڵەتانەدا ئەناڵێنن. بۆ وێنە لەو کاتەدا کە حکومەتی ئێران ناوچەی جوانڕۆی بۆمباباران ئەکرد، روسەکان بەو پەڕی شانازیەوە (شا)یان بانگکرد بۆروسیاو لەوێ مەدالیای زێرینیان کرد بەسنگیدا. ئەمە بێجگە لە پشی پشیکردنو یارمەتیدانو لەسەر کردنەوەیان بۆ کاربەستانی تورکیاو ئێراقو کۆماری یەکگرتوی ئەرەب. ئایا ئەمە مانای ئەوە نیە ئەوەی دەوڵەتی هەیە، بە نرخترو بەڕێزترو لە پێشترە لەوانەی بێ دەوڵەتو مایەپوچن وەک کورد؟.

هەروەها ئەگەر دەوڵەت نرخێکی نەبوایە بەلای شیوئیەکانەوە، بەم هەمو جۆشو خرۆشەوە، شەڕیان لەسەر پاراستنی یەکێتی ئێراقو یەکێتی سوریاو... هتد نەدەکردو نەدەچون بەگژ ئەو کوردپەروەرانەدا کە خۆیان بە کلکی ئەو دەوڵەتانە نازانن. ئەوان کە ئەم هەراوهوریایە بەرپا ئەکەن بە ناوی ئەوەوە کە گوایە ئەبێ خەباتی چینایەتی لەسەر بناغەی "نەتەوە"، کە ئەڵێن نابێ هیزبی شیوئی کوردستان دروستببێ،

هەر بیانویان ئەوەیە کە کوردستان دەوڵەتێکی نەخشە بۆ کێشراوی دانپێدانراوی نیە. لە هەموی سەیتر ئەوەیە کاتێک کە ستالین ئەم مەرجانەی داناوە بۆ نەتەوە. "زمانو ئابوری هاوبەشو مێژوو ئەرزو هەستی هاوبەش" زۆر بە توندیەوە پەلاماری ئەو جولەکانە ئەدا کە ئەیانوت "ئێمە نەتەوەین"[1]. تەنانەت ستالین لە نوسینەکانیدا ئەیوت "جولەکە نەتەوە نیە" چونکە ئەرزی هاوبەشو زمانی هاوبەشو ئابوری هاوبەشیان نیە. بەڵام هەر ئەو جولەکانەبون کە لەم دواییەدا ستالین خۆی دانی پێدانانو یارمەتیدان بۆئەوەی ببن بە دەوڵەت[2]. ئایا ئەمە سەرشۆڕکردنە بۆ هێزی جولەکەو کاری کراو، یان پێچەوانە جوڵانەوەیە بەرامبەر دەستوری شیوئێتی؟

## شیوئێتیو دیموکراتێتی

گەلێ کەس وا تێئەگا شیوئیەکان بڕوای تەواویان بە دیموکراتێتی

---

[1]شەڕی شیوئیەکانو جولەکە بۆندیەکان بەناوبانگە لە مێژوی حیزبی شیوئی بەڵشەفیکدا.
[2]یەکێتی سۆڤیەتیش وەک دەوڵەتە رۆژئاواییەکان لە ساڵی ١٩٤٨دا لە چوارچێوەی بڕیاری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکاندا دەنگیدا بۆ بەشکردنی فەلەستینو دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل. چونکە ئەو دەمە روسیا پێیوابو کە ئیسرائیل وەک وڵاتێکی پیشەسازی ماوەی هاتنە سەرکاری حیزبی شیوئی زۆرترە لە وڵاتانی ئەرەب کە لە پلەی دەرەبەگێتیدان. بەڵام بەهێزبونی نەتەوایەتی ئەرەبو دەسەڵاتی ئەرەب، بە زۆری بە هۆی ناسرو حیزبە نەتەوەییەکانی ئەرەبەوەو ژمارە زۆری ئەرەب لە چاو ئیسرائیلداو هەندێ شتیتر، وایان لە یەکێتی سۆڤیەت کرد بۆخۆنزیک کردنەوە لە ئەرەب، هەڵوێستێکی وا نادۆستانە بەرامبەر ئیسرائیل پێشان بدات کە فڕی بەسەر شیوئێتیەوە نەبێ. بۆ وێنە خرۆشێف لە کاتی خۆیدا هەڕەشەی سڕینەوەی ئیسرائیلی ئەکرد لەسەر نەخشە.

هەیە. ئەمەش شتێکی سەیرنیە. چونکە وشەی دیموکراتی‌و دیموکراتێتی، ویردی سەرزمانیانەو هەمو دامودەزگاکانی خۆشیان هەر بە ناوی "دیموکراتی"ەوە ناوناوە. وەک: یەکێتیی لاوانی دێموکراتی‌و ئافرەتانی دیموکراتی‌و مەلاو فەقێی دیموکراتی‌و نەقابە دیموکراتیەکان‌و دیکتاتۆرێتی دیموکراتیانەی گەل و قوتابیانی دیموکراتی‌و...هتد.

دیموکراتێتی کە لە جەوهەردا بریتیە لە فەرمانڕەوایی بەشی زۆری گەل بەسەر بەشی کەمدا، بەلای شیوئیەکانەوە وانیە. چونکە هەر فەرمانڕەواییەک ئەگەر زۆرینەی گەلیش پشتگیری بکا، بەومەرجەی لەگەڵ بەرژەوەندیی هیزبی شیوئیدا رێک نەکەوێ، ئەوان دانی پێدانانێن. لەم ڕووەوە لینین رەپوڕاست لە کتێبی "مافی نەتەوەکان لە بڕینەوەی سەرەنجامی خۆیاندا" لەبارەی نەتەوەی نەرویجو رژێمی پاشایەتیەوە ئەڵێ "ئەگەر بهاتایەو زۆربەی نەتەوەی نەرویج پشتگیریی لە پاشایەتی بکردایەو پرۆلیتاریاش پشتگیری لە کۆمارێتی بکردایە، ئەوکاتە پرۆلیتاریای نەرویجی دو رێگەی ئەهاتەبەر، یا شۆرش بەرپاکردن ئەگەر دۆخەکە لەباربوایە، یا ملکەچکردن بۆ زۆرینەو دەستکردن بە کاروباری پروپاگەندەو هاندانێکی درێژەکێش لە هامەن

کاتدا[1].

ئه ئاوا لینین دانیپێدائەنێ کە هەر بڕیارێک زۆرینەی گەل بیداو بۆ بەرژەوەندیی هیزبی شیوئی باش نەبێ، ئەوا ئەگەر بتوانن سەری بۆ دانانەوێنن. راستیەکەی ئێمەش ئەگەر زۆربەی نەتەوەی کورد لە روی خۆشباوەڕیو هەڵخەڵەتاویی خۆیەوە بڕیارێک بدا کە لەگەڵ بەرژەوەندیی نەتەوایەتیدا رێکنەکەوی، بێگومان ئێمەش سەری بۆ شۆڕناکەین. لەم روەوە ئێمەو شیوئیەکان وەک یەک "دیموکراتین!".

ئەمە لە رویەکەوە، لە رویەکیتریشەوە، ئێمە پێمانوایە نوێنەرهەڵبژاردنو پەیداکردنی زۆرینە لە پەرلەماندا، چارەسەری کێشەی (مەسەلەی) ئاڵۆزکاوی کورد ناکا لەم بارەی ئێستاماندا. تاقیکردنەوەی ئێراقو سوریای پێش یەکێتی ئەرەبی، بە ئاشکرا دەریخست کە دیموکراتیتی بە کەڵکی نەتەوەیەکی بەشکراوی ژێردەستەی وەکو کورد نایەت. لەبەرئەوە ئێمە بە هیچ جۆرێک دڵ بە "سەربەستی دیموکراسیانە" خۆش ناکەینو هەر چارەسەرێک لەرەگوریشەوە نەبێ نامانەوێ.

[1]- لينين – حق الامم في تقرير مصيرها. الطبعة الثانية. الصفحة (٥٧). ايلول – ١٩٥٨.

## شیوئیێتیو بڕیاری چارەنوسی نەتەوەکان

شیوئیەکان هەمیشە لافوگەزافی، دانی "چارەنوسی گەلان" لێئەدەنو خەڵکی سادەشیان واتێگەیاندوە کە گوایە هەر شیوئی دان بەو مافانەدا ئەنێ. کە سبەی ڕۆژێکیش هاتنە سەرکار، یەکەم هەنگاویان داننان ئەبێ بەچارەنوسی گەلانی ژێردەستەدا کە کوردیش یەکێکە لەوان. شیوئیەکان، وەک هەمو کارو کردەوەیەکیتریان، مافی چارەنوسیش هەر ئەبەستنەوە بە بەرژەوەندیی هیزبەکەیانەوە کە خۆیان پێی ئەڵێن "بەرژەوەندیی چینی کرێکار". بۆ وێنە لە کاتێکدا کە دو نەتەوە پێکەوە بژین، با یەکێکیان زۆر پچوکـو دواکەوتوشبێ لە ئەنجامدا لەوانەبێ زمانەکەی ببێ بەژێر زمانی گەورەکەیانەوە، بەڵام ئەگەر شیوئیەکان توانیان هەردولا بەکەڵەکـو ساختەکارێتی تێهەڵکێش بکەنو بەناوی "برایەتی"ەوە لەیەکدا بیانتوێننەوە، ئەوا بە هیچ جۆرێک ڕێگەی گچکەکە نادەن کە جیابێتەوە بەبیانوی ئەوەوە کە گوایە ئەم کارە لەگەڵ "دەسکەوتی پرۆلیتاریا" ناگونجێ. ئیتر ئەگەر ئەو نەتەوە گچکەیە توایەوە ئەوا بۆ سودی شیوئێتی زۆر باشترە، چونکە بەلایانەوە وایە ئەم یەک توخمیە ئەبێتە هۆی یەکخستنی خەباتی چینایەتی. ئەوەتا لەم ڕووەوە لینین ئەڵێ:

"بەڵام وەڵامدانەوە، بە ئـا یا نـا، لەبارەی بابەتی جیابونـەوەی هەرنەتەوەیەک، وادەرئەکەوێ کە داخوازیەکی زۆر کردەییبێ لای هەندێک، بەڵام راستیەکەی داخوازیەکی هیچوپوچە، چونکە لەباری سەرنجی ( تیۆری، نظری) ەوە، روەو میتافیزیکیە، لە باری سەرنجی کردەیی (عملی) شەوە پاڵ بە پرۆلیتاریاوە ئەنێ کە دوای سیاسەتی بۆرجوازێتی بکەوێ. چونکە بۆرجوازێتی هەمیشە داخوازیە نەتەوەییەکانی ئەخاتە پێش دەستەی هەمو ئامانجێکەوەو رەپوڕاست دانی پێدائەنێ. لە کاتێکدا پرۆلیتاریا لەو روەوە ئەڕوانێتە ئەو داخوازیانە کە لەگەڵ بەرژەوەندیی خەباتی چینایەتیدا رێکئەکەون یان لێک ئەکەون"[1].

ئەمە مانای وایە مافی چارەنوس بەلای شیوئیەکانەوە، وەنەبێ مافێکی رەها (مطلق) بێو بێ چەندو چۆن بدرێ بەهەمو گەلێک. بەڵکو ئەوەندە شەرتوشروتیان لەسەرداناوە کە سبەینێ مرۆڤ ئەکەوێتە قوڕێکەوە هەر سەری لێدەرناچێ، بەتایبەتی بۆنەتەوەیەکی وەکو کورد کە ئێستا بەرژەوەندیی ئابوریی بەستراوە بە پێنج دەوڵەتەوە کە یەکێک لەوانە رووسیا خۆیەتی. بۆ ئەمەش ئەگەر بمانەوێ نمونەیەکی روداو پێشانبدەین، ئەبێ تەماشای هەڵوێستی شیوئیەکانی ئێراق بکەین لە پاش

---

[1]لینین – حق الامم فی تقریر مصیرها. الطبعة الثانیة. ایلول (١٩٥٨) ص. (٢٦).

١٤ی تەموزەوە کە بەبێ راپرسیو لە خەڵک پرسینەوە، زۆر بێ شەرمانە لە رۆژنامەی (اتحاد الشعب)ی زەردباودا ئەیاننوسیو بەهەزاران دەمیش جاڕیان ئەدا، ئەیانوت: "ئەم یەکگرتنەی ئێستای کوردو ئەرەب لە ئێراقدا یەکگرتنێکی ئارەزومەندانەیە (اختیاری)ە". بەڵام ئەم یەکگرتنە لە زەمانی نوری سەئیدا ئارەزومەندانە نەبو! کەچی پاش ١٤ی تەموز کە بۆ ماوەیەک دەست بو بەدەستی ئەوان (شیوئیەکان) کوردستانی لەلایەن ئیستیئمارەوە داگیرکراو، بو بە "کوردستانی ئازاد"!. لەوەشدا ناهەقیان نەبو، وایانئەزانی کە ئێراق بەرەو شیوئێتی ئەڕواو هەر خۆیان حساب ئەبن لە پاشەڕۆژدا. بۆیە هەمو مافێکی کوردیان کرد بە ژێرلێوەوە. دوایی کە بۆیاندەرکەوت ئەو خەوەی ئەوان دیویانە نایەتەدی، ئەمجا بایان دایەوەو ئەوەتا بە چوار چاو فرمێسکی درۆ هەڵئەڕێژن بۆکوردو کوردستانو هیچ دارودیوارو لاکۆڵانو دارئەلەکتریکێک نەماوە بە نوسینی بەیاننامەی زەردی ئەوان پۆخڵ نەبوبێ. لەهەمان کاتدا پەیتا پەیتاش هەر باسی "یەکێتی ئێراق" ئەکەنەوە. هەر بەمەشدا دەرئەکەوێ کە ئەوان تا چ ئەندازەیەک بۆ "ئازادی کوردستان" تێئەکۆشن!.

کەواتە مافی بڕیاری چارەنوسیش، وەک هەمو لافوگەزافێکی تری ئەم نۆکەرانە، هەر بەندە بە بەرژەوەندیی ئابوریەوە. ئیتر هەستی

نەتەوەییو زمانی جیاواز بەلای ئەوانەوە پولێک ناهێنێ. ئەوان ئەیانەوێ، بەهەر رێگەیەکبێ، هیزبی شیوئی بەهێزبکەن. ئێتر جیاوازیی کوردو ئەرەبو ...هتد بەلایانەوە بایەخێکینیە، چونکە مەسەلە مەسەلەی بەهێزبونی حیزبی شیوئیو سەرکەوتنێتی لە کن ئەوان، نەک مەسەلەی جیابونەوەو دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان.

## کارو کرداری شیوئیەکان

ئەو کردەوانەی کە شیوئیەکانی ئێراق پێش ١٤ی تەموز کردویانەو ئەیکەن بەرامبەر بە کورد، هەر لەوەوە کە کورد "نەتەوە – امة" نیە هەتا ئەگاتە جنێودان بە کوردو کوردستان کردن بە قلیاسان[1]و خەڵک راکێشانو پەتهەڵسوڕانو جاسوسی کردن بۆ دوژمنانو پڕکردنەوەی رۆژنامەکان بە پاکانەو وازهێنانو رێگرتن لە هەمو بزوتنەوەیەکی کوردایەتیو نۆکەریکردن بۆهەمو بێگانەیەکی خوێنمژی داگیرکەر، هەروەها ئەو دەورە نامەردانەیەی کە هیزبە شیوئیەکانی دراوسێی

[1] پاش ئەوەی نەتەوەییەکانی کورد بیری "مەعاریفی کوردستانیان" خستە مێشکی خەڵکی وڵاتەوە. ئەوجا پارتەکان ئەم بیرەیان قۆزتەوەو بوبە دروشمیان لە خۆپێشاندانەکانیاندا. شیوئیەکانیش بۆگاڵتەپێکردنیان بە مەعاریفی کوردستانیان ئەوت "مەعاریفی قلیاسان" و کە یەکێکیش بیوتایە "رۆژباش" وەڵامیان ئەدایەوە "تاکە کڵاش".

ئێراق وەک هیزبی "تودە"ی رورەش‌و هیزبی شیوئی سوریا، بە سەرۆکایەتی زۆڵە کورد خالید بەگداش، بویانەو هەیانە بەرامبەر بە کورد، چاکترین ئاوێنەن بۆبیرباوەڕی پیسیان. هەر کەسێکیش پاکانە بۆئەمانە بکاو بڵێ "جا کەی ئەمانە شیوئیبون‌و ئەمانە لە مارکسێتی لایانداوە، ئەگینا شیوئێتی راست دورە لەمانەوە" دیارە ئەوانەش هەر فەریکە شیوئی‌و زۆڵەکوردن‌و ئێمە بەرەوڕوی رادیۆی (مۆسکۆ)یان ئەکەینەوە کە هەمیشە بەرگری بۆ ئەم نۆکەرانە ئەکاو بە شیوئی راستەقینەیان ئەداتە قەڵەم. ئێمە هیچ کاتێک ئەو فەریکە شیوئیانەی ئەم بەهانانە ئەهێننەوە لە خرۆشێف‌و کاربەدەستانی رادیۆی مۆسکۆ بەشیوئیتر نازانین کە گیانیان لەسەر سەری ئەمانەی ئێرە ئەخولێتەوە. تەنانەت نوسەری "پارتی پێشڕەو"یش لەناملکەیەکدا دانی بە پەیوەندیی شیوئیەکانی ئێراق‌و بۆڵشەویکەکانی روسدا ناوە. لەبەرئەوە ئەو بڕوبیانوانەیان، یا لە گەوجێتیەوەیە، یا لە هاوبەشیکردنی ئەو نۆکەرانەوەیە[1].

[1]کاروکردارە هەڵەکانی هیزبی شیوئیی ئیراکی، گەورەترین زیانی بەخۆشیان گەیان. بێئەوەی وانەیەک لەو زیانانە وەرگرن کە لە 1963دا لەلایەن هیزبی بەئسەوە بەریانکەوتبو، لە 1973/4/6دا چونە بەرەیەکەوە لەگەڵ بەئسیەکان بەهاندانی سۆڤێت‌و لەپێناوی دو کورسیی وەزارەتدا بۆ موکەڕەم تاڵەبانی‌و عامرعەبدوڵا! ئەوەش بەرامبەر وازهێنانی هیزبی شیوئی لەهەمو رێخراوەکانیان وەک قوتابیان‌و گەنجان‌و کرێکاران‌و ئافرەتان. ئەنجامیش ئەو بەرەیە، بو بەگۆڕێکی بەکۆمەڵ بۆیان‌و ئەوەی ما، خۆی گەیانە ناو شۆڕشی کورد. لەوێش، لەپشت ئاشان‌و قڕناقا، بەئس لەشکرێکی جاشی ناردە سەریان‌و 650 کەسیان لێکوشتن- ژیر.

## ئێمەو پارت

پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەرەتاوەو چۆن دروست بوەو هاتوەتە کایەوە، ئەوە بەلای ئێمەوە، لێرەدا، پێویستنیە. چونکە هونەر ئەوەیە ئیمڕۆ بزانین چۆنە. نانیش ئەو نانە کە ئیمڕۆ لە خوانە. لەبەرئەوە، وای بەچاک ئەزانین یەکسەر ئەو بیرباوەڕانەیان لێکبدەینەوە کە لەسەرین.

ئێمە لە سەرەتاوە باسی شیوئێتیمان کردو بە چاکی دەرمانخست کە چەند لەگەڵ کوردایەتیدا ئەگونجێ. ئەمجا ئەگەر ئێمە سەرنجێکی پارتی بدەین کە لە چەند سەرێکەوە ئەچێتەوە سەر شیوئێتیو لە تەکیدا رێکئەکەوێ، ئەوسا هەمو کوردپەروەرێک تێئەگا کە پارتی پاشڕەویش، تا چ ئەندازەیەک بۆکوردایەتی هەوڵئەدا. لەبەر ئەوە با جارێ ئەو خالانە بخەینە بەرچاو کە (پارت)و (شیوئی) تێیدا یەک ئەگرنەوە.

1- پارتی هەرچەندە بیروباوەڕێکی سنور بۆکێشراوی ئامانج دیاری، هەرگیز نەبوەو نیەو بە پێی هەلو مەرجو رۆژگار، بیرباوەڕی خۆی گۆڕیوە. کاتێک شیوئێتی بەهێز بوبێ، چوە مارکسێتیەکی خەستی کردوەو بە شانوباهوی بیروباوەڕی مارکسیدا

هەڵداوە. کاتێکیش نەتەوایەتی بەهێزبوبێ فشە کوردایەتیەکی "فراوان"ی کردوە. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە پێڕەوی کۆنو تازەی، هەروەها نوسینەکانی رۆژنامەی "خەبات"و جۆری بیروباوەڕی سەرکردەکانی، ئەوکاتە بە ئاشکرا بۆمان دەرئەکەوێ کە پارتی هیزبێکی فەریکە مارکسیەو ئەیەوێ ئەندامانو لایەنگرەکانیشی وردەوردە بە خۆراکی مارکسێتی گۆشبکا. تەنانەت لەو رۆژانەدا کە خەریک بون دامودەزگای لاوانو قوتابیانو ئافرەتانیان لێکهەڵئەوەشاندو پێشکەشی شیوئیەکان ئەکرد، زۆر بێشەرمانە سەرکردەکانیان ئەیانوت: "ئێمە قوتابخانەیەکین بۆپێگەیاندنی شیوئی". ئەوەتا پێڕەوی پاش ١٤ی تەموزی بە ئاشکرا دان بەوەدا ئەنێ کە کەڵک لە بیروباوەڕی مارکسیەوە وەرئەگرێ، هەرچەندە لە دواییدا ئەمەی لەبەر دڵی کاکە کەریمی لابرد[1] ئەگەرچی ناشوێرێ بە ئاشکرا بڵێ مارکسین. واتا گۆشتەکەی ئەخواو گۆشتاوەکەی نا. هەر لەبەر ئەمەو راگرتنی دڵی شیوئیەکانبو کە لە پێڕەوەکەیدا لە پاش ١٤ی تەموزەوە هەمو هەوڵێکی ئاڕاستەکردوە بۆپاراستنی حکومەتێکی

---

[1]دوایی جارێکیتر بایاندایەوە بۆئەوەی سود لەبیردۆزەی زانستی وەرئەگرن کە هەر مەبەستیان بیردۆزەی مارکسیبو. بەڵام لەکۆنگرەی یازدەدی پارتیدا 1993 من هەلم بۆهەڵکەوتو چومە لیژنەی پێڕەوو پرۆگرامەوەو بەبێدەنگ ئەو بەندەم لابردو کەسیان پێیاننەزانی، دوای ئەو کۆنگرەیەش لەپارتی دورکەوتمەوە. ئامادەبونیشم لەو کۆنگرەیەدا، بەهۆی یەکگرتنەکەوەبو- کامیل ژیر

دیموکراتی لەئێراقدا. کەچی لەبەرنامەی پێش ١٤ی تەموزدا ئەڵێ "ئێمە هەوڵ ئەدەین بۆ سەربەخۆیو یەکگرتنەوەی هەمو کوردستان". تێناگەین سەربەخۆیی کوردستان لە کوێو پارێزگاریی کۆماری هەتا هەتا (خالد)ی ئێراق لەکوێ؟.

ئێستە ئەگەر هەندێکەس هەبن ئەم رێبازی مارکسیانەیەی پارتی بەرێبازی دەستەیەک سەرکردەی دەرکراو دابنێن (وەک هەمزەو تاقمەکەی) ئێمە ئەڵێین وانیە. چونکە گەلێک لەو سەرکردانەی ئێستا هەن، ئەو کاتەش هەر کاربەدەستو سەرکردە بونو فزەیان لێوە نەهات بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو دامودەزگا کوردستانیانەو خستنیانە قوڕگی شیوئیەکانەوە.

2- پارتیش وەکو شیوئی باوەڕی بە پێکەوە تێکۆشانی کوردو ئەرەبو ...هتد هەیەو بۆ بەهێزکردنی "برایەتی"یان هەوڵ ئەدا. ئەمە هەرچەندە بیروباوەڕی نانەتەوەییەو هی شیوئیەکانە، کەچی پارت ئەمەی ناوناوە "کوردایەتی فراوان". واتا بە هێزکردنی یەکێتی گەلانی سوریاو ئێراقو... هتد و پاراستنی سنورە دەستکردەکانی ئەم وڵاتانە، بە بەهێزکردنی کوردایەتی دائەنێ!. لەبەرئەوە کورد پەروەرەکان ناهەقیان نیە ناویان ناوە "کوردایەتیی فریودان".

3- پارتیش وەکو هیزبی شیوئی، روسیای سۆڤیەتی بە رووگە (قبلة)ی گەلان‌و قەڵای ئاشتی‌و ئازادی ئەزانێ‌و پەیتا پەیتا نوێنەرەکانی ئەنێرێ بۆئەو کۆنگرانەی لە ژێر چاودێری ئەواندا رێک ئەخرێن.

4- پارتیش وەکو شیوئی هەمو کوردپەروەرێک کە بە "کوردایەتی فریودان" رازینەبێ، بە ناوو ناتۆرەی شۆڤێنی‌و پیاوی ئەمریکاو هیتلەری‌و کۆنەپەرست‌و نۆکەری شا، ناوئەبا. گەلێجار لە نوسینەکانیداو لە ناو شانەکانیدا هانی خەڵک‌و کاربەدەستانی میریان لێئەداو جاسوسییان بەسەرەوە ئەکات[1].

5- پارتیش وەکو شیوئی، هەر باوەڕی بەو ئاشتی‌و دۆستایەتیەیە کە "دەزگای جیهان"ی لەمەڕ شیوئیەکان سەربەرشتی ئەکا. ئەو دەزگایەی کە هەمیشە پاکانە بۆ هەمو دەستریژیەک‌و تاوانباریەکی روسیاو دەوڵەتە

---

[1] یەکێک لە سەرکردەکانی پارت کە بە ئاشکراو شانازیەوە جاسوسیی بۆ (مدیریەتی امنی عام)ی ئێراق ئەکرد. (عبدالرحمانی زەبیحی* – عیسی عەرەفات) بو. ئەم نۆکەرە پەیتا پەیتا ناوی کورد پەروەرەکانی ئەدا بە (امن)و بە فیزێکەوە ئەیوت خزمەتی جمهوریەت ئەکەم. زەبیحی، وەک هەواڵگوزاری کاژیک ئاگاداری کردوین، بەدزیەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتە. بە سازمانی ئەمنی ئێرانیشەوە، کۆنە پەوەندییەکی هەیە. چونکە کە لە ساڵی ١٩٥٤دا لە بەغدا گرتیان‌و دایانەوە دەست ئێران، سازمانی ئەمنیەت گورج بەرەڵای کوردو ناردیەوە ئێراق‌و ئەمجا لەوێوە چو بۆسوریاو پەساپۆرتی سوریای دەرهێنا بە ناوی ئیسا ئەرەفاتەوە. پاش ١٤ی تەموز گەرایەوە ئێراق‌و دەستیکرد بە خراپەکاری‌و ئاژاوەنانەوە وەک پێشو.
*دوایئەوەی دەرکەوت زەبیهی لەیەک کاتا پەیوەندیی دوسەرەی لەگەڵ ئێران‌و ئێراکیش هەیە، بەئس لەناویبرد. ئێستە لەسلێمانی لەباخچەیەکدا ، لەناوچەی سەرچنار، بەرابەر وتێل ئەبو سەنا، پەیکەرێکی بۆکراوە- کامیل ژیر.

شیوئیەکانتر ئەکا.

6- هەردولایان باوەڕیان بەو دیموکراتیە ئاڕاستەکراوە هەیە کە دەستکردی ماوتسی تۆنگە. مانای بڕوایان وایە کە چەند نەتەوەیەک ئەتوانن لەژێر سایەی ئەو رژێمە "دیموکراتی"ەدا کە لە چین هەیە وەک یەک بژین. ئەمە واو کە نەتەوەکان لە مافی بریاری چارەنوسیشدا هەروەک یەکبن، ئیتر ئاشکرایە کە قەوانی جیابونەوەی نەتەوەکان بەسەربەستی، تەنیا بۆدەستخەڕۆکردنەو هیچیتر.

7- هەر لەیەکەم رۆژی ١٤ی تەموزەوە، هەردولایان بێ چەندو چۆنو بەگەرمیەوە پشتگیریی ئەم شۆرشەیانکرد، بێئەوەی رێ بدەن کوردی کولۆل کەڵکێک لەم هەلە وەربگرێو تەکانێک بداتە خۆی، بگرە بە پێچەوانەی ئەمەوە، هەرکەسێک ناوی پاشەرۆژی کوردی بهێنایە، بەهەردولا ئەکەوتنە وێزەیو بە پیاوخراپو کلکی بێگانەو دەسەنەخۆریان دائەناو ئەیانفەرمو کۆمارەکەمان، کۆماری کوردو ئەرەب، هێشتا ساوایەو داوای چ هەقێک ئەکەن جارێ!؟.

بیرخەرەوەی مامۆستا ئازادەکان لەبارەی مافی خوێندەواری کوردەوە، کە چەند رۆژێک پاش ١٤ی تەموز دایان بە قاسم بۆتاقیکردنەوەی لەبەردەم خەڵکی ساویلکەداو داخستنی رۆژنامەی

(البلاد) لەسەر ئەوەی ئەو بیرخەرەوەیەی بڵاوکردبوەوە، ئەمجا هێرشی پارتو شیوئیو جنێودانیان بەو مامۆستایانە، بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ راستیی ئەم قسەیە.

٨- هەردولایان، پاش ١٤ی تەموز، لەگەڵ هیزبی بەئسی ئەرەبیو ئیستقلالو وەتەنیی دیموکراتیدا، بەرەیان کردەوەو دانیان بەوەدانا کە ئێراق بەشێکە لە نیشتمانی ئەرەب! بێئەوەی هیچ سنورێک بۆ کوردستان دەسنیشان بکەن[1].

9- هیزبی بەئسی ئەرەبی، وەک لە پرۆگرامەکەیدا دەرئەکەوێ، هەر لە موحیتی ئەتڵەسییەوە هەتا چیاکانی پشتکۆ، بە نیشتمانی راستەقینەی ئەرەب ئەزانێ، واتا باشورو رۆژئاواو بەشێک لە رۆژهەڵاتیی کوردستانیش هەر بەموڵکی ئەرەب ئەزانێ. لەگەڵ ئەوەشدا شیوئیە نۆکەرەکانو پارتە ریسواکان، هەمو بەرەیان لەگەڵدا ئەکەنەوەو بەوپەڕی بێشەرمیەوە پەلاماری ئەوانەش ئەدەن کە ئەم

[1]"میثاق الجبهة الوطنیه" کە لە رۆژی ١٩ی تشرینی دوەمی ١٩٥٨دا دەرچوە بەم جۆرەیە:
المادة الاولی: "لما كانت جبهة الاتحاد الوطني تقر ان امة واحدة فرقها الاستعمار و اعاق توحيدها وان العراق جزء لا يتجزأ من الامة العربية فانها تعمل على اعلاء شأن القومية العربية و تسعى بوجه خاص من اجل تحديد افضل وامتن شكل من اشكال الارتباط بالجمهورية العربية المتحدة ... الخ". المادة الثالثة. "تعمل الجبهة على صيانة استقلال العراق من كل تدخل اجنبي و تبنيه عربية متحررة ... الخ".

راستیە ئەخەنە رو.

10- کە قاسم، وەک نەتەوەییەکان پێشەکی ئەیانوت لە پاشەرۆژدا چیئەکات، دەستی بەسەر سەربەستیە دیموکراتیەکاندا گرت، ئەوسا پارتو شیوئی، کوردایەتیان کەوتەوە بیرو دەستیان دایەوە فشە کوردایەتیەکەی خۆیانو وتیان بەشێک لە کوردستان کراوە بە خاکی ئەرەب (هەرچەندە لەوەپێش خۆشیان دانیان بەمەدا نابوو ئیمزاشیان کردبو). ئەمەشیان، نەک بە ئاشکراو پیاوانە، بەڵکو بە فسکە فسکو دزەخونجێنەوە ئەوت. چونکە هەمو رۆژێک رۆژنامەی خەبات لەسەر لاپەڕە زەردەکانی، لورەی ئەهات بۆیەکێتی ئێراقو وای ئەدایە قەڵەم کە کوردستان هەموی داگیرکراوە بێجگە لەم پارچەیەی ئێراق کە بەختی هەستاوەتەوەو خوا کاکە کەریمی دیموکراتی بۆرەخساندوەو کردویەتی بە کوردستانی ئازادو بەهەزار چاویش لەم دواییەدا ئەگریان بۆسەربەستیی دیموکراتی، ئەو سەربەستییەی کە هەمو خزمەتێکی بۆکورد ئەوەبو، سەرکردەکانی پارتو شیوئی بەسەربەستی لەکۆشکو تەلاری وەزیرە لێکەوتوەکانیو ئۆتۆمبێلی کۆنە نۆکەرەکانی دەوری نوری سەعیددا لرفیان لێئەدا. ئەمە هەموی لەسەر حسابی رەشکردنەوەی ناوی کوردو دوژمن لێهاندانی بەجۆرێک، سەردەمێکو هەتا ئێستاش، وایلێهاتبو کورد نەیئەتوانی لەگەڵێ شوێنی بەغداو

تەنانەت لەهەندێک شوێنی وڵاتەکەی خۆشیدا کە کەرکوکـو موسڵە، بەدڵنیاییی هاتوچۆبکا.

11- هەردوکیان لەپێش ١٤ی تەموزدا، بە شانوباهوی جەمال ئەبدولناسریاندا هەڵ ئەداو بە قارەمانی رزگارکەری وڵاتی ئەرەبو کوردیان ئەزانیو هەرکەسێکیش بیوتایە کوردەکانی سوریا بەم رزگاربونو یەکێتیە ماڵیان خراپتر بوە، بەپیاوی ئیستیئمارو بڵاوکەرەوەی بەیتوبالۆرەی ئیسرائیلو نوری سەئیدو شای ئێرانیان ئەدایە قەڵەم!. تەنانەت هەندێکیان هیچ شەرمیان نەئەکرد، بیانویان بۆ ئەمە وەها ئەدۆزیەوە کە گوایە کوردەکانی سوریا، کەمەکێکن. ئیترچیتێدایە ئەگەر هەرواش بمێننەوە، یا بەجارێ بتوێنەوە!.

12- پاش ئەوەی قسەی کوردپەروەرەکان بەراست دەرچو، بۆهەموان دەرکەوت کە ناسر چیەو چۆنە بەرامبەر کوردو کە ناسر دەستیکرد بەئازاردانی شیوئیەکانی سوریاو جنێودان بە شیوئیەکانی ئێراق، ئەوسا شیوئیەکان کەوتنە پەلاماردانیو قسەی ناشرین پێ وتنیو کردنی بە نۆکەری ئیستیئمارو پیاوی (راونتری). تەنانەت ئەچون وێنەکەی ناسریان ئەهێناو سەرەکەیان لێئەکردەوەو لە جیاتی ئەوە سەری کەرێک یا سەگێک یا ئافرەتێکی خراپیان پێوە ئەکردو ئەیان

نوساند به دیوارەکانەوە. پارتیەکانیش کە هەمیشە هەر کلکـو پاشڕەوبون، ئەوسا وێرایان ناوی کوردی سوریا بهێنن‌و ئەوکاتە پێکەوە (پارتـو شیوئی) بە جوتە دەستیان کرد بە ڕشتنی فرمێسکی درۆ بۆکوردستانی داگیرکراوی ڕۆژئاوا (سوریا) نەک بۆکەمینەیەک کورد کەپێشتر ئەیانوت قەیچپیئەکرد ئەگەرهەرواش بمانایەوە، یا

بە جارێ بتوانایەوە!.

13- هەردوکیان لە سەرەتاوە پشتگیری یەکێتی ئەرەبیان کرد. بە تایبەتی (خالید بەگداش)ی زۆڵە کورد لە ڕۆژنامەی (النور)دا کە زمان حاڵی شیوئیەکانی سوریابو، بە ئاشکرا لایەنی ئەو یەکێتیەی ئەگرت، تەنانەت وتاری وای لەم بابەتەوە ئەنوسی: "نحن خیر امة اخرجت للناس" واتا خۆی بە ئەرەب ئەدایە قەڵەم‌و ئەرەبیش بە باشترین نەتەوەی جیهان. ئافەرم بۆخۆت شیوئی‌و ئافەرم بۆ خۆت (اممی).

بەڵام ئەبێ ئەوەبزانین کە شیوئیەکانی سوریا بە مەرجێک پشتگیری ئەم یەکێتیەیان ئەکرد کە هیزبی شیوئی بەسەربەستی لەهەردو کیشوەری (میسر)و (سوریا)دا ئیشبکا. کە ئەوە سەرینەگرت بۆیان، ئەمجا کەوتنە هێرش بردنە سەر (ناصر)و جنێوپێدانی‌و بوختانپێکردنی. ئەمە ئەوان‌و کە (میشێل عەفلەق)ی سکرتێری هیزبی

بەئسی ئەرەبیش لە مانگی ئابی ١٩٥٨دا هاتە بەغداو لەگەڵ برایم ئەحمەدی سکرتێری پارتیدا کۆبونەوەیەکی تەلەفیزۆنیانکرد، برایم لەوکۆبونەوەیەدا بە ئەرەبی وتی: "ئەوهاوبەشیەی رۆڵەکانی کوردو ئەرەب هەڵیان بژاردوە، باوباپیرانیشیان هەرهەڵیان بژاردوە، کاتێک لەچاخە جۆرجۆرەکانی مێژودا پێکەوە وەستاونو بەرگریان لەم وڵاتە کردوە، برا کوردەکانتان شانازی بە راپەڕینی نەتەوەیی ئەرەبەوە ئەکەن لە خەباتە رزگاریخوازانەکەیداو دڵنیاشین هەر هەنگاوێک کە ئەرەب بینێ بەرەو یەکگرتن یا یەکێتی ئەرەبیو گەشەپێدانی هێزی ئەرەب، ئەبێتە خێروبێرو ئەڕژێ بەسەر کوردا[1]".

کەواتە پارتێش وەک شیوئی ئەم یەکێتیی ئێراقە بە "اختیاری" دائەنێ. سەرەڕای ئەوەش، یەکێتی ئەرەب، بە سەرۆکایەتی بەئسو ناسر، بێ شەرتوشروت، وەک سکرتێرەکەیان دانی پێدانا، بەخێروخۆشی ئەزانێ بۆکوردا!.

14- لە باری سەرنجی هەردولایانەوە کە لەسەر بنچینەی مارکسێتی دامەزراوە، ئیستیئمارهەر بە ئیستیئماری ئابوری ئەزانێ. لەم روەوە هەردو هیزبەکە هەر تەنیا ئەمریکاو ئینگلیزو فەرەنسا بە

[1]جريدة (الجمهورية) البغدادية. السنه الاولى، العدد (١٣) الجمعة (١١) آب – ١٩٥٨).

داگیرکەرو ئیستیئمار دائەنێن‌و چاو لە داگیرکەرە راستەوخۆکانیتر ئەپۆشن‌و تەنانەت بە "برا گەورە" یان ئەدەنە قەڵەم.

15- هەردولایان بە بەندوباوی نوێنەرهەڵبژاردن‌و سەربەستی دیمۆکراتیەوە، گیروگرفتی بنچینەیی کوردو کوردستان ئەشارنەوەو وای لەکورد ئەگەیەنن کە ئەو فشەمافانە چاری هەمو دەردێکی کورد ئەکات.

16- هەردولایان هەوڵ ئەدەن ئابوریی کوردستان پێشبخەن بەهۆی کارگە دروسکردن‌و دامەزراندنی پرۆژەی گەورەگەورە بۆئەوەی کوردستان توندتر ببەستن بەپایتەختەکانی وڵاتە داگیرکەرەکانەوە.

17- هەردولایان لەو باوەڕەدان کە کوردەکانی روسیا ئازادن‌و هەمو مافێکی نەتەوەیی خۆیان هەیەو وەرگرتوەو پێیانوایە پارچەیەک لە ئەرزی کوردستان لە ژێردەستی رووسیادا نیەو کورد کەمایەتیەکە لەروسیا.

ئەمانە هەموی بەجوانی بۆماندەرئەخەن کە پارت‌و شیوئی تا چ ئەندازەیەک بەیەکەوە بەستراون. لەبەرئەوە پێویست بە یەکالاکردنەوەیترناکا.

پارتی هەرچەندە لە جەوهەردا حیزبێکی فەریکە مارکسیە، بەڵام بە هۆی ترسنۆکیو هەلپەرستی سەرگەورەکانیەوە، ئەم راستیەی نەخستوەتەڕو، بەڵکو هەمو کاتێک هەوڵیداوە بە ناوی نەتەوایەتیی درۆزنەو کوردایەتی فریودانەوە، پیاوی کوردپەروەری ساویلکە دابدۆشێو هەڵخەڵەتێنێ. زۆرتریش کەڵکی لەوە وەرگرتوە کە تا ئێستا دامودەزگاکایەکی کوردانەی راستەقینەی وەک کاژیک نەبوە کە بیروباوەڕی کوردایەتی شیبکاتەوە بۆئەم خەڵکە. لەبەرئەوە، پارتی گەلێک کورد پەروەری بەشەرەفی تێکەوتوە، لەوانەی کە یا هەستیان بە چەوتوچەوێڵی پارتی نەکردوە، یا لەساویلکەیەتی خۆیانەوە پێیان وایە ئەتوانن پارتی پاشڕەوی قڕە بەرەوباشی بەرن. ئەمە بێجگە لەو ئەندامە هەلپەرستانەی کە بۆکات رابواردنو رۆژبردنەسەر چونە ناویو ئەمانەش لە فیشاڵکردنو خۆهەڵکێشانی درۆ بەولاوە هیچیتریان لەباردا نیە. دیسانەوە ئەو سەرۆک هۆزو دەرەبەگو خاوەن بەرژەوەندیانەی لەرقی شیوئیەکان چونەتە ناو پارت. چونکە بەوە دەسخەڕۆکراون کە گوایە پارت دژی شیوئێتیە. هەروەها ئەو جاسوسو نهێنگرانەی هیزبی شیوئی ئێراقو باڵیۆزخانەی ئینگلیزو ئەمریکاو دامودەزگای ئەمنی ئێراقو پەیمانی بەغدا ناردونیەتە ناوی. ئا لەبەرئەمانە، پارتی یەکێتیەکی بیروباوەڕی راستەقینەی لەناودا نیەو هەر لەبەرئەمەشە یەکێتیی رێکخراوانەو توندوتۆڵ (تەنزیمو

زەبتورەپتێکی)ی هیزبیی تێدانیە، بەڵکو تەمەڵخانەیەکی بەئەدەبو کۆکتێلێکی زۆرسەیرە![1].

بەمانەی سەرەوەدا بۆمان رونبوەوە کە شیوئێتی، چارەسەری مەسەلەی کورد ناکا. هەروەها پارتیش کە کلکو پاشڕەوی شیوئێتیە، ئەویش لە شیوئێتی خراپتر، کورد بەناخی ئەرزدا ئەباتە خوارەوە. دیسانەوە هیزبی دیموکراتی ئێرانو هیزبی دیموکراتی کوردی رۆژهەڵات لە دەستەخۆشکی پارتی ئێراقو کلکی تودەو دەستنێژی شیوئیەکانی سوریا بەولاوە، هیچیترنینو لە کوردایەتی بە دورن. ئەمەش وەنەبێ شتێکی سەیرو رێکەوتبێ، چونکە ئەم هیزبانە لەسەرچاوەی بیروباوەڕی بێگانەوە ئاو ئەخۆنەوەو مژ لەبیروباوەڕی پاکی کوردایەتی نادەن. دە دیارە لەمە باشترنابن. لەباکوری کوردستانیشدا، هیچ هیزبێکی کوردی تا ئێستە نیەو شیوئیە تورکەکانیش وردە وردە واخەریکن دەم ئەژەندنە ئەوێ. لەبەر ئەم هۆیانەو لەبەرئەوەی کورستانی دابەشکراوو نەتەوەی کوردی

[1] ئەم وێناکردنەی کاژیک بۆپارتی، ئەگەڕێتەوە بۆرۆژانی نوسینی کاژیکنامە 1960، واتا ئەو سەردەمەی بارزانی سەرۆک و برایم ئەهمەد سکرتێری پارتیبو، ئێستا کە لە2018داین ، ئەو وێنا (وصف)ە بەسەرهەمو ئەو پارتو رێکخراوانەدا ئەچەسپێ کە دواتر لەمناڵدانی پارتییەوە لەدایکبون، وەک: یەکێتی، سۆشیالست، گۆڕانو هاوپەیمانیو..هتد کە رەگی هەمویان ئەچێتەوە سەر یەک قوتابخانەی سەقەتی هیزبایەتیی بێ پێشخانی هزری کە نەبونی یەکێتیی بیر لەناویاندا هۆکارێکی ئەو سەقەتبونەیە- کامیل ژیر

ژێردەستەو دیلمان، لەرێگەی دامودەزگایەکی کوردانەی خاوەن بیروباوەڕی رێکوپێکی شۆرشگێڕەوە نەبێ، رزگاری نابێ، دیارە دامەزراندنی دامودەزگایەکی نەتەوەیی چەسپیو لەسەر فەلسەفەیەکی پتەوی خۆماڵی، پێویستییەکی دەستوبردە بۆ پێشڕەویکردنی کوردو رێبەریکردنی بۆ رزگاریو سەربەخۆیی کوردستانو نەهێشتنی ئەم ئاژاوەیەی کە کەوتوەتە ژیانی کوردایەتیمانەوەو لە ئەنجامدا ئامادەکردنی کورد بۆگەیاندنی پەیامە مێژوییەکەی بەهەمو جیهان.

دە ئەو دامودەزگایەی کە بتوانێ ئەم کارە گرانو گرنگە بەجێبهێنێو ئەم ئەرکە مێژوییە مەزنە بگرێتە ئەستۆی خۆی، تەنیا کاژیکە. چونکە کاژیک نەک هەر دامودەزگایەکی سیاسی شۆرشگێڕی نەتەوەییەو بەس، بەڵکو بەر لەهەمو شتێک، راپەڕینێکی فیکریە کە گشت لایەکی سڕبوی گیانی کوردەواریمان رائەوەشێنێو ئەی هەژێنێو تۆزوخۆڵی تەمەڵیو سستوسۆڵی لێئەتەکێنێ.

کاژیک وەک لە ناوەکەیدا دەرئەکەوێ (ک.ا.ژ.ی.ک) واتا کۆمەڵەی ئازادیو ژیانەوەو یەکێتی کورد، فەلسەفەیەکی کوردانەی نوێو بیروباوەڕێکی نەژادیو پەیامێکی جیهانیە، ئامانجی ژیانەوەو رزگاریی کوردو سەربەخۆیی کوردستانو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی

کوردی تازە لەسەر بنچینەی بیروباوەڕی کاژیکی، بە جۆرێ کە پەیامی نەژادیمان بە جیهان بگەیەنێ[1].

ئەمجا با ڕێ بەرۆژی درەخشانی کاژیک بدەین، چەند تاڵێک لە تیشکە بە تینەکانیمان ئاڕاستە بکات:

## کورتەی فەلسەفەی کاژیک

### 1- کاژیکو بزوتنەوەی کوردایەتی

بەپێی بیروباوەڕی ئێمە، بزوتنەوەی کوردایەتی، لەو رۆژەوە دەستپێئەکا کە نەتەوەی کورد خۆی لەم جیهانەدا بەکورد ناسیوە. چونکە، وەک وتمان، ژیان سەراپا جەنگی مانو نەمانە، لەبەرئەوە پێمانوایە ئەوەتەی کورد هەیە بزوتنەوەی کوردایەتیش هەرهەبوە لە پێناوی مانەوەو ژیاندا. دیسان لەبەرئەوەی ئەم بزوتنەوەیە بۆ مانو ژیانە، کەواتە هەتا کورد بمێنێ، کوردایەتیش هەرئەمێنێ. ئەمجا

[1] جا کەئەمە کاژیکبوبێ، بێگومان ئەو جۆرە هیزبانەی تر دژی ئەوەستنەوە. چونکە مەرگی خۆیان لەگەشەکردنی کاژیکدا ئەبینیەوە. کاژیکیش لەگەڵ ئەوهەمو گوشارەی لەسەریبو، پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە بینیبو و چاوەڕوانی زیاتری لێئەکرا، بۆیە هەندێ لەوهیزبانە کەوتنە خۆیانو هێڵی لاری خۆیان هاویشتە ناویو ریزەکانی کاژیکیان شێوان، تەنانەت ساڵی 1974 کەوتنە پیلاندانان بۆتیرۆری 80 لەکادیرەکانیان، بەڵام نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بو بەرێگر لەجێبەجێکردنی ئەوپیلانە. لەپەرتوکی یادەکانمدا، بەدرێژی لەمبارەیەوە دواوم- کامیل ژیر.

ئەگەرچی کوردایەتی لە دەوری کۆندا بەم شێوەیەی ئێستا بەڕووەوە نەبوە، بەڵام تاکوتەراو کەمکەمو پچڕپچڕو لەگەڵێ بەرگو چەشنی جۆرجۆردا هەبوە. وێنەش بۆئەمە لە مێژوی نەتەوەکەماندا زۆرە، وەک ئەو هۆنەرانەی کە لە دەوری خامۆشی نەتەوەییدا، بانگیانداوە بەگوێی نوستواندا، بەتایبەتی ئەلی ترمۆکی کە لەسەدەی ٤ی هیجریدا ژیاوەو ئەهمەدی خانی ١٦٥٠-١٧٠٦و هاجی قادری کۆیی ١٨١٥ - ١٨٩٢[1]. هەروەها ئاینی کۆنی یەزیدیەکان کە ئاینێکە لەسەر بنچینەیەکی نەتەوەیی دامەزراوە، بەڵگەی بەهێزن بۆئەمە. دیسانەوە بەربەرەکانیی کورد بەرامبەر داگیرکەرەکانی کوردستان لە دەوری کۆنداو گۆرانیهەڵدان بەو پاڵەوانەندا کە کوردیان پاراستوە لە هێرشی بێگانە، وەک رۆستەمی زاڵو کاوەی ئاسنگەر.

کەواتە ئێمە لەگەڵ ئەو مارکسیانەدا یەکناگرینەوە کە ئەڵێن "بزوتنەوەی کوردایەتی شتێکی تازە کورەو کاتیەو کوردایەتیش ئێزگەیەکە بۆگەیشتنە جیهانی ئادەمزادێتی، کە ئەمان مەبەستیان لەم جیهانە "جیهانی نانەتەوەیی شیوئیانە"یە. چونکە بەلای ئێمەوە،

---

[1]- جوانترین نمونە بۆ ئەمە شائیری بەناوبانگی کورد "بابەراخی هەمزانی"یە کە بە هۆنراوە جوانەکانی، کوردەکانی چیای داسەنی هانداوە، پشتگیری شۆرشگێڕی کورد "جەئفەر کوڕی میر هەسەن" بکەن دژی خەلیفەی ئەباسیو خۆشی لە سوپای میری کوردا دژی هێرشی خەلیفە (معتصم بالله) بۆتە سەربازتا لە مانگی شەوالی ٢٦٦ی هیجریدا شەهید کراوە. ئەم کارەساتە لە هەزار ساڵ زیاترە.

ئادەمزادێتی، پلەیەکی تایبەتینیە لەسەرو هەمو پلەکانیتری پەیژەی گۆڕانی کۆمەڵگاوە بێ، بەڵکو تەنیا هەستێکی بەرزەو لە هەمو پلەیەکدا چنگ ئەکەوێ. بزوتنەوەی کوردایەتی بەلای ئێمەوە دەستکردی هیچ جۆرە چینو دەستەیەکی خەڵکی یا هیچ پلەیەکی مێژویی تابەتینیە، ئەگەرچی هەندێ جاریش چینێکی تایبەتی بۆخۆی دایدۆشیبێ (ئیستیغلالی کردبێ) وەک هەمو شتێکیتر کە دادۆشراوەو دائەدۆشرێت. کوردایەتی بزوتنەوەیەکی خۆڕسکی (طبيعي) زینوی هەمیشەییە، لەرۆژگاری دروستبونی نەتەوەی کوردەوە ئەمیش پەیدابوەو سەریهەڵداوە، ئەگەرچی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردو گۆڕانی چەشنیی رژێمی کۆمەلایەتی، کارئەکاتە سەر ئەم بزوتنەوەیەو پەرەی پێئەسێنێو سنورەکەی فراوانتر ئەکاو هێزو گوڕەکەی زیاتر ئەکاو وردەوردە پێشی ئەخاو ئەیخاتە قاڵبی سنورێکی زانستی ئاشکراوە کە بیردۆزەو بیرورا (نظريات و آراء)ی لەسەر دابنرێو لە ئەنجامدا هەنگاوی قایمتری پێدابگیرێ بەرەو ئامانج. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم بزوتنەوەیە هەر لەسەرەتای پەیدابونی کوردەوە دەستی پێنەکردوە، وەک چۆن مارکسیەکان ئەڵێن خەباتی چینایەتی هەر لە سەرەتای پەیدابونی ئادەمیزادەوە لە هەمو پلەیەکی گۆڕانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەربوە (بێجگە لە پلەی کۆمۆنیزمی سەرەتایی). بەڵام ئەوەندە هەیە هەتا رۆژانی کارل مارکس ئەم خەباتە نەخراوەتە قاڵبێکی

تیۆری(نظری)یەوە. ئێمەش بە پێچەوانەی ئەوانەوە ئەڵێین بزوتنەوەی نەتەوەیی کە هەوێنی هەمو جۆرە راپەڕینو هەڵسوکەوتێکە لە ژیانی ئادەمیزادا، هەر لەسەرەتای پەیدابونی ئادەمیزادەوە هەبوە، ئەگەرچی هەتا ئەم دواییەش نەخرابێتە قاڵبێکی زانستیو رێکخراوەییەوە، یا بەپێی پێشکەوتن (تطور)ی کۆمەڵگای ئادەمیزادە، چەمکەکان (پرینسپڵ-مەفاهیم)ەکانی نەختێک گۆڕابێو فراوانتربوبێ.

## 2- کاژیکـو جێ چۆڵیی بیروباوەر

وتمان بزوتنەوەی کوردایەتی بزوتنەوەیەکی یەکجار کۆنەو لەگەڵ هاتنو بونی کوردا دروستبوە. ئەی کە بزوتنەوەیەکی وا کۆنەو ئێستاش هەر سپوزیندوە، ئیتر بۆچی نەیتوانیوە لەم ماوە دورودرێژەدا بگاتە ئامانجو نەتەوەی کورد بخاتە شوێنی خۆی لەسەر شانۆی ژیان؟.

بێگومان هیچ بزوتنەوەیەک لەم جیهانەدا بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ناڕوا هەتا بیروباوەڕێکی رەسەن پاڵی پێوەنەنێو نەیخاتە رێ. چونکە هەمو بزوتنەوەیەکی راستەقینە، لە بیروباوەڕێکەوە پەیدا ئەبێ. دە بەلای ئێمەوە هەمو بیروباوەڕێکی تازە یان لە یەکێکی بلیمەتەوە یان لە چەند کەسێکی لێوەشاوەی ژیرەوە سەر هەڵ ئەداو بناغەی بۆهەڵ ئەبەسترێو کە بارو دۆخ (ظروف)ی باش هەڵکەوت،

ئەو بیروباوەڕە لە دڵی چەند کەسێکی کارزانی بەکردەوەدا ئەچەسپیو گینگڵ ئەخواو وەردەوردە ئەبێتە بزوتنەوەو لەگەڵ تێپەڕبونی کاتدا، هەوڵئەدا بچێتە قاڵبی دامودەزگایەکی رێکخراوی سنور بۆدانراوەوە. هەر بیروباوەڕێکیش بەرێکوپێکی خۆی کوتایە ناو مەیدانەوە، کارئەکاتە سەر کۆمەڵگای خەڵکیو نەفسیەتو هەستو هۆشیان ئەبزوێنێ، وەک چۆن لە هەمان کاتدا باری سەرنجی خەڵکەکەو هەستی دەرونیان کار ئەکەنە سەر بیروباوەڕەکەو ئەیانەوێ بیبزوێنن. ئالێرەدا دو هێزی پێچەوانەی یەک دروست ئەبن، یەکێکیان هێزی بیروباوەڕەکەی کە ئەیەوێ کاربکاتە سەر دەوروپشتی خۆیو هەر بزوتنەوەیەکی کەش کە هەبێ لەگەڵ لێشاوی خۆیدا بیانبا بەڕێوە. هێزەکەی تریش سەرجەمی ئەو بیروباوەڕو بزوتنەوانەیە کە لە ناو خەڵکەکەدا باونو ئەیانەوێ بیروباوەڕەکە لەراستەڕێی خۆی لابدەنو هەریەکە هەوڵ ئەدا بەرەو ئامانجی تایبەتی خۆی بەرێ. ئەمجا ئەگەر هاتو بیروباوەڕەکە بیروباوەڕێکی ناڕەسەنبو ئەوا ئەو بزوتنەوانەی هەن لەگەڵ خۆیاندا راپێچی ئەکەنو شەقوپەقی ئەکەنو ناوی لە ناواندا ناهێڵن. مەبەستیشمان لە بیروباوەڕی رەسەن، ئەو بیروباوەڕەیە کە لە زادەی بیرو تاقیکردنەوەی مێژوییو بەسەرهاتی نەتەوەیەکەوە هەڵقوڵابێو لە دەرەوە نەخوازترابێ. کەواتە بۆ ئەوەی بزوتنەوەیەک رێی لێ هەڵنەبێو لە تەنگانەدا تەمی نەڕەوێتوەو لە ئەنجامدا بگاتە

ئامانج، پێویستە بەرلەهەمو شتێک ،لەسەر بنچینەی بیروباوەڕێکی ڕەسەنی ڕێکخراو دامەزرابێ.

بزوتنەوەی کوردایەتیش وەک هەمو بزوتنەوەیەکی زیندویتر، پێویستی بە بەردەوامیو کێشو خۆڕاگرتنێکی زۆر هەیە لە ناوجەرگەی ئەو تەوژمانەدا کە ئەیانەوێ ڕاپێچی بکەن، یان لە ناوی بەرن. لەبەر ئەوە ئەم بزوتنەوەیە بەرلە هەمو شتێک، پێویستە پاڵبدا بەبیروباوەڕێکی ڕەسەنی واوە کە لە ناوجەرگەو ناخی دەرونی کوردەواریەوە هەڵقوڵابێو نەخشەیەکی سنور ئاشکرای بۆکێشرابێ. چونکە ئەوی ڕاستیبێ بزوتنەوەی کوردایەتی هەر ئامانجی ئەوە نیە قەوارەیەک سیاسیی دان پێدانراو دابمەزرێنێ، بەڵکو ئەیەوێ ڕاپەڕینێکی وا بەرپابکا کە هەمو لایەکی ژیانی ئەو نەتەوەیە بگرێتەوەو کورد بخاتە شوێنی خۆی لەسەر شانۆی جیهانو پەیامە مێژوییەکەی کە پاشماوەو درێژەی پەیامی زەردەشتیە بگەیەنێ بەمرۆڤایەتی، ئەمەش بەرلەهەمو شتێک پێویستی بەشۆڕشێکی هزرییە. ئەمجا لەبەئەوەی ماوەیەکی زۆر کۆنە، بگرە لەو دەمەوە کە بیری زەردەشتی لە قاڵبی دروستی خۆی دەرچوە، کورد قوتابخانەیەکی هزریو فەلسەفیی کوردانەی وای نەبوە کە خۆراکی نەتەوەیی بکا بەدەم خەڵکەوە، ئا لەبەرئەوە جێ چۆڵیەکی بیرباوەڕانە (فراغ عقائدی)

له ژیانی کوردایەتیماندا دروستبوە. لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆریشە کوردستان لەتلەتبوە، بگرە لەودەمەوە کە دەوڵەتی ماد روخاوە، کورد لەگەڵ چەند نەتەوەیەکی تردا ئەژی، دیارە بیروباوەڕی بێگانە خۆی کوتاوەتە ئەم جێ چۆڵیەوەو بەشێوەیەکی ناپەسەند پڕیکردوەتەوە. کوردیش لەبەر بونی ئەو جێچۆڵیە، بە پەرۆشەوە باوەشی بۆئەو بیرباوەڕە بێگانانە کردوەتەوەو قۆزتونێتەوە، چونکە سروشت هەمیشە دژی جێ چۆڵیە. هەمو جێیەکی چۆڵ ئەبێ پڕ ببێتەوە زو یا درەنگ سا یا بە کەرەسەی چاک یا خراپ.

ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کورد لەکاتێکدا باوەشی بۆئەو بیروباوەڕە بێگانانە کردوەتەوە، پێی وابوە لە رێی وەرگرتنی ئەوانەوە رزگاری ئەبێ. لەبەرئەوە، لە پێشەوە زۆر بە توندیو شێرگیرانە گرتونی، تا بە تاقیکردنەوە بۆی دەرکەوتوە کە هیچیان کەڵکیان نەبوە. چونکە هیچیان پڕبەپێستی ژیانی نەتەوەییمان نەبونوگونجاونەبون لەگەڵ ئەو پەیامە مێژوییەدا کە کورد پێی سپێردراوە.

لەو بیروباوەڕانە کە کورد بە پەرۆشەوە باوەشی بۆکردونەتوەو لێیان نائومێد بوە، بیروباوەڕی خەلافتبازیو ئوسمانلی، رژیمی دیموکراتی ئینگلیزو شیوئێتیو... هتد ئەمجا لەبەرئەوەی ئەو

بیروباوەڕانە ناخۆیی‌و نارەسەنبون دیارە ئەو بزوتنەوانەی کە لەو بیروباوەڕانەوە هەڵقوڵیون، هەر ناخۆیی‌و نارەسەنبون. بۆیە هەتا سەر بەرگەیان نەگرتوەو هیچ پێشکەوتنێکیان لە ژیانی نەتەوەکەماندا وەدەست نەهێناوە.

## 3- کوردو بیروباوەڕی بێگانە لەباری سەرنجی کاژیکەوە

ئەم جێ چۆڵیەی بیروباوەڕ کە هەر لەکۆنەوە لە ژیانی کوردەواریدا هەیەو تا ئێستە بە بیروباوەڕی بێگانان پڕبوەتوە، گەلێک کاری کردوەتە سەر نەفسیەتی نەتەوەی کورد، بە تایبەتی سەر رەوشتەو خوی،بەجۆرێ وای شپرزە کردوە کە باوەڕی بە خۆی نەمێنێ‌و لە هەمو کردارێکدا هەر چاوەڕوان‌و پاشڕەوو کلکی بێگانە بێ‌و لە هەمو هەڵسوکەوتێکدا بە شانازیەوە لاسایی بێگانان بکاتەوەو بە هیچ جۆرێک توانستی پێشڕەوی‌و شتداهێنانی تێدا نەمێنێ. بێجگە لەوەش، ئەم جێچۆڵیە کارێکی وایکردوە کە کورد تەرازویەکی خۆماڵیی نەبێ بۆکێشانی کارەساتەکانی رۆژانەو قەوماوەکانی جیهان‌و هەر لەسەر بنچینەی هەواو هەوەس‌و کەفوکوڵی دەرون، فەرمان بەسەر هەمو روداوێکدا بداو لە هەمان کاتدا زۆر خۆشبڕواو ساویلکەشبێ.
سەرەڕای ئەوەش، چونکە بیرەباوەڕێکی رێکوپێکخراوی وای نیە شتی

پێ لە بەردەزێڕ ( محەک) بدا، بێگومان هیچ پەندێکیش لە ئەزمونەکان وەرناگرێو یەک لە دوای یەک شتی تاقیکراوە تاقی ئەکاتەوەو لەهەمو دەمێکدا وەک مەلە نەزانێکی نوقومبو، دەست بۆچڵەپوشێکیش رائەکێشێ!. بۆ وێنە، ئەو بێگانەیەی دوێنێ دەستی بڕیوەو یاریی بەچارەنوسی کردوە، ئەمڕۆ وا هاتوەتەوە مەیدانو بەڵێنی درۆی پێ ئەداتەوە، کەچی وا خەریکە پێی هەڵ ئەخلەتێتەوە. هەوەها ئەو شیوئیەی دوێنێ جنێوی ئەدا بە کوردو کوردستان، ئەمڕۆ فەرمانی لەسەرەوە بۆ دەرچوە کە جلکی کوردی لەبەربکاو باسی کوردایەتیبکا، کەچی ئەمیش ئەڵێ: ئۆخەی دەنگ مەکە، ئەوا شیوئیەکانیش باشبون!. یا جاری وا هەیە ئەڵێ: شیوئیەکانی ئێراق شیوئیی تەواونین. لە کاتێکدا ئەگەر بیروباوەڕێکی نەتەوەیی رێکوپێکخراوی هەبوایەو هەمو شتێکی هەر بەوە بپێوایە، ئەیزانی شیوئی هەر شیوئیەو لە هەمو شوێنو کاتێکدا هەر یەکەو تەنیا ئەوەیە جاروبار بە پێی سودو بەرژەوەندیی خۆیان تاکتیکیان ئەگۆڕێ. هەروەها هەندێک لەو زۆرداره خوێنمژانەی کە لەسەر حسابی چەوساندەنەوەی هەژارانو لێقەوماوانی کورد بونە ملیۆنێرو خاوەنی کۆشکو تەلارو زەویو زار، لە کاتێکدا کە بەرژەوەندیان پاش ١٤ی تەموز بە دەستی شیوئیەکان کەوتە خەتەرەوە، دەستیان کرد بە "کورد کوردێنە". کەچی زۆر کوردی ساویلکەی لە گوێی گادا نوستوی عاتیفی باوەڕی پێکردبون. لە کاتێکدا

ئەگەر بیروباوڕێکی ڕێکخراو هەبوایەو شتی پێ بپێورایە، ئەیانزانی کە کوردایەتی مانای دەست هەڵگرتنە لە بەرژەوەندیی خۆیی، نەک چەوساندنەوەی خەڵکیو خوێنمژینیان. ئەو کاتە باوەڕیان بە مانەش نەئەکرد. هەروەها زۆرجاربوە دەوڵەتە ئیستئماریە گەورەکانو دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە مەرامی کاری خۆیان، ناوبەناوێک ناوێکی کوردیان بردوەو ئەیبەن، کەچی ئەوەتا ئەبینین زۆر کەس لە خۆشیاندا هەڵ ئەپەڕن. لە کاتێکدا ئەگەر بیرباوەڕێکی ڕێکخراو هەبوایەو شتی پێ بپێورایە، ئەزانرا کە گورگو مەڕ قەت نابنە دۆستو براو کەسیش بە خۆڕایی بە ئێمە ناڵێ سڵاو. ئەمجا تاقیکردنەوەی زۆرو بۆنەهاتنی زۆریش، وای لەکورد کردوە کە بەجارێک باوەڕی بەخۆی نەمێنێو وا بزانێ نەتەوەیەک خوا دروستی کردوە بۆ خزمەتکاریو لەمەوە هەزارەها قسەی پڕوپوچو بێ مانا داهێنراوە وەک "کورد کورتە"و "کورد قەت نابێ بە هیچ"و ...هتد.

جێ پێی کاری بیروباوەڕی بێگانە بۆسەر هەستو هۆشی کورد، بە ئەندازەیەک قوڵە، هەرچی شانازیەکانی رابوردوی خۆی هەیە، بە هی بێگانەی ئەزانێو بێزیان لێ ئەکاتەوە. تەنانەت ئەو پەیکەرو ئابیدانەی کە لە هەمو میراتێکی کۆنماندا تەنیا ئەوەمان بەسەر چیاو کێوە سەرکەشەکانی کوردستانەوە بۆماوەتەوە، ئەم لە باتی پاراستنو پەند لێ

وەرگرتنیان، ئەیەوێ هەر بەجارێ لەناویانبەرێ. بەڵام لەبەرئەوەی دەست نایانگاتێ لەتوپەتیان کا، لە دورەوە بە گوللە سەروگوێلاکیان ئەشکێنێو ئەگەر پێتوت:ئەوە بۆچی وائەکەیت؟، ئەڵێ: "جا قەی چێکا بیم وەسیاقەت خۆ گاور کردە!". ئافەرین، دەستکردی باوباپیری خۆی بە هی بێگانەو گاورکرد ئەزانێو باوباپیریشی بە کافر. ناهەقی نیە، چونکە دەردەدارەو بنچینەی راستی دەردەکەش ئەوەیە بیرباوەڕێکی شۆڕشگێڕی کوردانەی نیە کە ببێتە چرا بۆ رۆشنکردنەوەی رێگەی ژیانیو محەکی تاقیکردنەوەی زێڕو زەرد بۆی. ئا لێرەدا ئەبێ بزانین ئەم بیروباوەڕانە کە بە درێژایی چەند چەرخێکی دورودرێژ کاریان کردوەتە سەر نەفسیەتو هەستو هۆشی کورد، دیارە هەروا بە ئاسانی لاناچن. بەڵکو پێویستە بیروباوەڕی کاژیکی ماوەیەکی چاکی بەدەستەوە بێ، هەتا بتوانێ خۆی جێگیر بکا لە هەمو گۆشەیەکی ژیانی نەتەوەکەمانداو هەمو بیروباوەڕێکی بێگانە شاربەدەربکا[1].

---

[1]لێرەدا ئەم پرسیارە: خۆ بیروباوەڕی کاژیک نزیکەی 70 ساڵە لەئارادایە، ئەی بۆچی ئامانجەکانی نەپێکاوە!؟ لەوەڵامدا: چونکە کاژیک، بەربەرەکانییەکی زۆر سەخت ئەکراو بواریشی بۆنەڕەخسا بەئاشکرا کاربکاو بیروباوەڕەکانی بەڕەهایی بگەیەنێتە جەماوەری کورد، ئەوەی کرا، تەنیا گۆڕانکارییەکی زۆر کەمبو لەهزری هەندێ کەسی کەمدا. بۆنمونە: ئەم کاژیکنامەیە، هەزاران کەس بە ئاواتەوە بون بیبینن، بەڵام نەئەگەیشتە دەستیان، لەبەرئەوەی سەرەتا بەدەسخەت چەن ژمارەیەکی لەبەر ئەنوسرایەوەو لەناو ژمارەیەکی کەم لە هاوبیرانیشدا بڵاوئەکرایەوە. هۆی ئەوەش ئەوەبو کاژیک خۆی دەزگایەکی چاپەمەنیی نەبو، هیچ چاپخانەیەکیش زاتی ئەوەی نەئەکرد چاپیبکا. زیادەڕۆیینیە ئەگەر بڵێم زوربەی هاوبیرانی کاژیک، خۆیشیان، ئەمە یەکەمجارە ئەم کاژیکنامەیە ئەبینن!. چاپی یەکەم بە تایپ بو بەیەک دانە، ئەوانیتری بەدەسخەت!. چاپی دوەمو سێیەمیش لە

## 4- کاژیکو دادی کۆمەڵایەتی

دوەمین دروشمی کاژیک "یەکسانی بۆ گەل"ە. ئێمە بیروباوەڕمان لە بنچینەدا لەسەر بەردی پتەوو بەهێزی "دادی کۆمەڵایەتی" دامەزراوە. بەڵام کە وا ئەڵێین لەبەر ئەوە نایڵێین دەستی کەسی پێ ببڕین یا هیچ کەسێکی ساویلکەی دڵسۆزی پێ هەڵخەڵەتێنین وەک شیوئیە قوماربازەکان. نەخێر، هەرگیز ئێمە ئەوە نین لافی شتێک لێبدەین کە لێوەی دوربین. دیسان ئەوەش ئێمە نین کە لە ترسی شیوئیەکان بڵێین "سۆسیالیستین". نەء. ئێمە هیچ دەمێک شتێک ناڵێین کە باوەڕمان پێی نەبێو بەڕاستی نەزانین. با خەڵکیش لێمان زیز بێو نەیەتە ریزەکانمانەوە. یان بکەوێتە لێخوێندنو بەربەرەکانیمان. ئێمە لە هیچ کاتێکدا ڕاگرتنی دڵی خەڵکی ناگەیەنینە رادەی ئەوەی مویەک لە گیانی ئایدۆلۆجیمان لار بکاتەوە. ئێمە کە ئەڵێین باوەڕمان بە سۆسیالیزمێکی کوردانە هەیە، تەنیا لەبەر ئەوە ئەیڵێین کە باوەڕمان پێیەتیو پێمان وایە کۆمەڵگای کورد تاقە یەکە کۆمەڵگایە هەمو گیروگرفتەکانی لە بنچینەدا بچنەوە سەریەک بنەڕەت. لەبەرئەوە ناتوانین باس لە رزگاریی سیاسی کورد بکەین تا باس لە رزگاریی

---

ئەڵمانیا کراو نەگەیشتنە کوردستان. هەمو چالاکییە هزریو کردەیەییەکانیتریشی، هەر بەوجۆرەبو.سەبارەت ئەو کۆسپانەیتر کە هاتنە رێگەی کاژیک، لە پەرتوکی یادەکانمدا بەدرێژی دواوم. بەهیوام بەمزوانە چاپیبکەم – کامیل ژیر.

ئابوری‌و خوێندەواری‌و کۆمەڵایەتیشی نەکەین.

ئەمجا بۆ ئەوەی هەمو کوردێک بتوانێ چی لەباردایە بیخاتە بەردەستی نەتەوەکەی‌و لە رێگەی ئەوەوە خزمەتی ئادەمیزادیش بکا، پێویستە هیچ جۆرە تەگەرەیەکی وای نەهێنرێتە رێ کە ببێتە هۆی وەستاندنی تەوژمی داهێنانی بەکەڵک. کەواتە ئەبێ هەمو ئەندامێکی ئەم کۆمەڵگایە لە بەکارهێنانی خێروبێری ئەم وڵاتەدا بەشداربێ، بۆئەوەی بتوانێ هێزە شاراوەکانی خۆی بخاتە کاروبەپێی توانستی خۆی لەم رێگەیەوە گەورەترین بەش خزمەت‌و بەروبوم پێشکەش بە نەتەوەکەی بکا. ئەمەش بەوە ئەبێ کە رێی خەڵک دادۆشین‌و چەوساندنەوەی چینایەتی‌و روتاندنەوەی رەنجکێش بە هیچ جۆرێ نەهێڵرێ‌و رێی هەمو ئیشکەرێک بدرێ کە بەری رەنجی خۆی بۆ خۆی بەرێ، بێ ئەوەی کەس لێی زەوت بکا، تا گیانی هەوڵ‌و تێکۆشان‌و خۆڕەتاندن‌و خۆماندوکردنی تێدا نەمرێ‌و هۆی ئەم خۆڕەتاندن‌و خۆماندوکردنەش ببەسترێ بەهەستی نەتەوەییەوەو بەجۆرێکی وا پەروەردە بکرێ کە گیانی خۆپەرستی‌و خۆویستی تێدا کەم بکرێتەوەو بخرێتە سەر رێی فیداکارێتی‌و دەست لە بەرژەوەندیی خۆ هەڵگرتن لە پێناوی بەرژەوەندیی بیروباوەڕی نەتەوەکەیدا.

بەڵام دیسانەوە نابێ لەمە وا تێبگەین کە ئەمانەوێ سۆسیالیزمی شیوئیانە بهێنینو بەسەر کۆمەڵگای کوردا متی بکەین. یان رژێمێکی سۆسیالیستانەیتر لە بێگانەیەکی ترەوە وەرگرینو کوتومت بیسەپێنین! یا وەک هەندێک کۆمەڵیتر بچین لاسایی هەندێک رژێمی بێگانە بکەینەوە. نەخێر ئەم سۆسیالیزمەی ئێمە باسی ئەکەین بەتەواوی پڕبەپێستی نەتەوەکەمانە. چونکە لەناو جەرگەی ویستەمەنیو هەڵکەوتی نەتەوەکەمانو وڵاتەکەمانەوە وەرمانگرتوە. بۆیە بە خۆمان وا رەوا ئەبینین کە ناوی بنێین "سۆسیالیزمی کاژیکانە".

راستیەکەی ئێمە سۆسیالیزم بە ئامانج نازانین وەک مارکسیەکان! تا لە پێناوی پێگەیشتنیدا هەمو پیرۆزمەنیەکانی نەتەوەکەمان بخەینە ژێر پێو وابزانین بزوتنەوەی نەتەوەیی هۆیەکە بۆگەیشتنە ئەو ئامانجە. سۆسیالیزم بەلای ئێمەوە هۆیەکە بۆئەوەی هەمو ئەندامێکی کۆمەڵگای کورد بتوانێ بەهەمو هێزێکی خۆیەوە زیاترینو پوختترین بەرهەم پێشکەش بەنەتەوەکەی بکاو لەو رێگەیەوە کورد بکاتە هاوبەشی لە پێشخستنی شارستانێتیو کولتوری جیهاندا. ئەگینا هەمو رژێمێک کە لە دەرەوە هێنرابێو هەندێ کەس بیانەوێ بە زۆری زۆردارەکی بیسەپێنن بەسەر نەتەوەکەماندا، ئێمە زۆر بە توندی بەرەنگاری ئەوەستینو ئەوانەی پروپاگەندەی بۆ ئەکەن بە نۆکەرو بێگانە پەرستیان ئەدەینە

قەڵەم. بەڵام ئەمە manای وانیە کە ئێمە هیچ کەڵکێک لە زادەی بیری بێگانە وەرناگرینو هەرچیەک بێگانە بیّو رومان تێبکا، شاربەدەری ئەکەین. نەخێر، ئەوەی لە بێگانەوە بۆمانبێو نەبێتە هۆی شێواندنی بنچینەی بیروباوەڕی نەتەوەییمان وەک بیردۆزی بیرکاریو کیمیاو پیشەسازیو داهێنراوەکانی پزیشکی، ئێمە وەریان ئەگرین. لەگەڵ ئەوەشدا پێمان وایە نەتەوەی بلیمەتی کورد، ئەگەر رێگەی بیروباوەڕی کاژیکانەی گرت، ئەوەندەی لەباردا هەیە کە بتوانێ شتی تازە دابهێنێو لە داهێناندا پێشڕەوبێو ئەگەر شتێکیشی لە خەڵکەوە وەرگرت گیانێکی کوردانەی بکا بەبەردا. لەبەرئەوە هیچ پێویستی بەوە نیە هەر دەست لە خەڵکی پانکاتەوە. کەواتە ئەو سۆسیالیزمەی ئێمە مەبەستمانە لێرەدا سۆسیالیزمێکی تایبەتیەو هەر بۆخۆمانو هی وەک خۆمان دەست ئەدا، بۆیە پێی ئەڵێین "سۆسیالیزمی کوردی".

هەرچەندە لێرەدا ناتوانین بە دورودرێژی لەم سۆسیالیزمە کوردییە بدوێین، بەڵام ناچارین هەرئەبێ هەندێک هێڵی درشتی بخەینە رو، وەک: "دابەشکردنی زەویوزار بەسەر جوتیاراندا بەپێی دەسەڵاتیان لەبەرهەمهێناندا‌و لە ریشەوە هەڵکەندنی رژێمی دەرەبەگێتی.
سنوردانان بۆ هەمو مڵکیەتێکی تایبەتی لەسەر بنچینەی ئەوەی کە موڵکیەتێکی تایبەتی (نقدیو عینی) نابێ بگاتە ئەندازەی (ئیستغلال).

هەروەها خۆماڵیکردن (تأمیم)ی کارگەو پڕۆژە گەورەکانو پشتگیریکردنی پڕۆژە تاکی(فەردی)یە بچوکەکان کە نابنە هۆی ئیستغلالو نەهێشتنی هەمو جۆرە قۆرخکردن (احتکار)و وەبەرهێنان (استثمار)ێکی چینایەتی. گشتیکردنی هۆی بەرهەم هێنان بۆ هەمو کەسێک کە بتوانێ بۆسودی گشتیو خۆی بەکاری بهێنێو ماوەدان بە دروستبونی سەندیکای پیشەیی لەسەر بنچینەیەکی نەتەوەیی. جگە لەوەش، خۆماڵیکردنی پیشەی پزیشکیو کردنی خوێندنی سەرەتایی بە خوێندنێکی زۆرەملێو خۆڕاییو دانانی لایەنی هەرەکەم بۆ ژیان بە ئامادەکردنی نانو جلوبەرگـو داڵدە بۆ هەمو ئەندامێکی کۆمەڵگاو مسۆگەرکردنەی یارمەتیو دەستگیرۆ کردنی خەڵکی لە کاتی پیربونو نەخۆشیدا. هەروەها پەروەردەکردنی هەمو توانایەکی تاکیی بەکەڵکـو دانی مافی کاردکردن بە هەمو کەسێکـو بایەخدان بە ئارەزوو توانستو لێهاتنی هەمو ئیشکەرێکـو کردنی نەریتی سوپایی بە نەریتێکی زۆرەملێو هاوبەشکردنی ئافرەت لە بەڕێوەبردنی کاروباری ژیاندا.

### 5- پێویستیی بونی کاژیک

وەک لەمەوپێش وتمان ئەو هیزبانەی کە تا ئێستا لە کوردستاندا

دروستبون، هیچیان لەسەر بناغەی بیرباوەڕێکی نەتەوەیی رەسەنی رێکخراو دانەمەزراون. بۆیە هیچ کامێکیان نەیانتوانیوە شۆڕشێکیهزریبەرپابکەنو لە ئەنجامدا بگەنە ئامانج. چونکە هەمویان هەر لەسەر بنچینەی سۆزو دەستکەوتی تایبەتی چەند کەسێک، فەرمانیان داوە بەسەر کارەساتو کاروباری رۆژگاردا. هەر لەبەرئەمەشە کە زۆریان تەمەن کورتو هەر لەیەکەم جەززەبەدا چونەتە ریزی نەبوان. خۆ ئەوانەی ماویشن تەنیا یەک دو پایەی قرچۆکیان پێوە ماوەو هاکا کەوتن[1].

دە هەرلەبەرئەم هۆیەشە کە هەمو بزوتنەوەو شۆڕشێک کە ئەو هیزبانە بەرپایان کردوە سەریان نەگرتوە. چونکە ئەو بزوتنەوانە هەمو لەسەر بنچینەی سۆزێکی وەختی بون، نەک بیروباوەڕ. لەبەرئەوە، کە سەرۆکەکانی کوژراون یا رەهەندەکراون، بزوتنەوەکە ئەو خۆراکە گیانیەی لێ بڕاوە کە بزوتنەوەیەکی رەسەن هەمیشە دەستی ئەکەوێو لەسەرچاوەی بیروباوەڕەکەیەوە ئەیمژێ. لەبەرئەوە پەکی کەوتوەو بە

[1]ئەم پێشبینییە، لەماوەی 60 ساڵی رابوردودا، لەباشوری کوردستاندا، هاتەدی. هیزبی شیوئی، ئێوەخۆش، مەگەر شوێنەوارێکی کەمی نەبێ. پارتی، بو بەچەن کەرتێکەوە. هەرکەرتەو چەن کەرتێکی لێکەوتەوە. ئێستا هیزبایەتی بۆتە هەمامۆکێی منداڵان کە هەر ماوەیەکو هیزبێکی تازە وەک قارچک هەڵئەتۆقێ!. ئەوەشی نوزەیەکی لەبەردا هێشتونەتەوە، تەنیا کاری مافیاییە بۆگیرفان. هەمویان دورن لە بیروباوەڕێکی نەتەوەیی ئەوتۆ کە چاوەڕوانیی رزگارکردنی کوردیان لێبکرێ- کامیل ژیر.

جارێک کوژاوەتەوە. هەندێک هیزبیتر بونو هەن بیروباوەڕو فەلسەفەکەیان خۆیی نەبوەوەو نیە. بەڵکو لە بێگانەوە وەریانگرتوە. لەبەرئەوە، زۆرجار کە سەری لوتیان بەر بەردی هەڵکەوت(واقیع)ی نەتەوەیی کەوتوە، ناچاربون رێبازی خۆیان بگۆڕنو بکەونە راڕاییو هەندێک دروشم بە کوتوپڕی هەڵگرنو واز لە هەندێکی تریش بهێننو هەندێ جاریش ناچاربن دەستکاری پرۆگرام بکەن. لەبەرئەوە خەڵکی باوەڕی پێیان نەماوەو لەمەشەوە یەکێتییبیریانلێکهەڵوەشاوەو لە ئەنجامدا بە جارێ لێکڕەویونەتەوەو بونەتە وانەی رۆژگار. یا ماون، بەڵام بون بە پەنگ. کەواتە ئەو جێ چۆڵیە بیروباوەڕانەیەی کە لە ژیانی کوردەواریدا هەر لە کۆنەوە بوە، ئێستاش هەرهەیەو ماوەو دەمی داپچڕیوە بۆقۆزتنەوەی هەمو بیروباوەڕێکیتر کە پڕی بکاتەوە. بە تایبەتی لەم رۆژانی دواییەدا کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی زۆر سەختەوە خەڵکی کوردستان بۆیاندەرکەوت کە بیروباوەڕی شیوئێتیش وەک بیروباوەڕە بێگانەکانیتر، هیچ دادێکی کورد نادات. لەبەرئەوە وا خەریکن لێی پاشگەزئەبنەوەو ئەگەڕێن بە دوای بیروباوەڕێکیتردا کە ئەگەر بێتو ئەمجارەش هەر هی بێگانە بێ، دیارە چارەنوسی ئەویش لە چارەنوسی خەلافەتبازی ئوسمانلیو دیموکراتێتی ئینگلیزیو شیوئێتی نانەتەوەیی باشتر نابێ.

لەبەر ئەم هۆیانە، دامەزراندنی دامودەزگایەکی باوەڕدار(عقائدی) بەهێز کە بیروباوەڕەکەی لە ناوجەرگەی بەرژەوەندیو هەڵکەوتیکوردەوە هەڵهێنجابێو لە جەوهەرو قاڵبدا هەر کوردانە بێ، شتێکی زۆر پێویستە بۆئەوەی شۆڕشێکی فیکری وا بەرپا بکا کە بە جارێ میلەتی کورد راچڵەکێنێو هۆشیاری بکاتەوەو ئەو چڵکو پیسیەی دەوری کانگای بلیمەتیی کوردی گرتوە، رای ماڵێ تا بە پاکو خاوێنیو باری راستەقینەی خۆی لە شوێنی خۆیدا دابینێ. واتا لە ریزەکانی پێشەوەی کاروانی ئادەمیزادا بۆئەوەی ئەو دەورە مێژوییەی پێی سپێردراوە بیگەیەنێتە ئەنجام.

## 6- کاژیکو دەوڵەت

دەوڵەت بەلای ئێمەوە دەزگایەکە بۆ پەروەردەکردنی نەتەوەکەمان لەسەر بنچینەی بیروباوەڕی کاژیکیو گەیاندنی پەیامە مێژوییەکەمان بە جیهان. لەبەرئەوە، دەوڵەت بە کوتەکی دەستی هیچ چینێک نازانین. چونکە بیروباوەڕەکەمان بە تەنیا بیروباوەڕی هیچ چینێک نیە. هەمو کەسێک کە لەم بۆتەیەدا بتوێتەوە، ئەتوانێ بێتە (کاژیک)ەوە. کەواتە دەوڵەتی ئێمە دەوڵەتیکی کاژیکیە، واتا باوەڕدار (عقائدی)یە.
لەبەرئەوە، ئێمە دڵ بەهیچ جۆرە دەوڵەتێکیتر خۆش ناکەینو دان بە

هیچ جۆره دەوڵەتێکی هەرەمەیی، یا شیوئی، یا دەستکردی بێگانەدا نانێین.

## 7- پوختەی بیروباوەڕی کاژیکی

یەکاڵاکردنەوەو خستنە بەرچاوی بیروباوەڕی کاژیکی لەهەمولایەکەوە، پێویستی بەگەلێ کتێبو نامیلکەو وتارهەیە. لەگەڵ ئەوەشدا دەرخستنی هەندێک لەبنەماسەرەکیەکانی کاژیک لێرەدا شتێکی زۆر پێویستە:

1) کاژیک باوەڕی بەوەیە کە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی بلیمەتو رابوردوورۆشنو دامەزرێنەری کولتورو شارستانێتی بەناوبانگبوە. هەروەها لە مەیدانی سروشتی بەرزی وەک مەردایەتیو ئازایەتیو وەفاداریو خۆنەویستیدا، بێ هاوتا بوە. ئەم نەتەوەیە هەرلە کۆنەوە پەیامێکی مێژویی هەبوە کە بیگەیەنێتە جیهان. هەڵگری ئەم پەیامە یەزدانیە لە دەورانی کۆندا، پێشڕەوی مەزن "زەردەشت" بوە. بەڵام هەندێ کارەساتی تایبەتی بەرگێکی بێگانەی کردوە بەبەر ئەو پەیامەداو لەهەمان کاتدا کانگای بلیمەتی ئەم نەتەوەیەی شاردۆتەوە. لەبەرئەوە پێویستی بە راچڵەکینو خۆشەکاندنێک هەیە تا ئەو بەرگە پیسە لەبەرخۆی داکەنێو بچێتە شوێنی خۆی لە ریزەکانی پێشەوەی کاروانی

گەلانداو پاشماوەی ئەو پەیامە نەمرە لە شێوەیەکی مۆدێرندا بە نەوەی مرۆڤ بگەیەنێ.

2) کورد لەبەرئەوەی دەمێکە بیروباوەڕێکی نەتەوەیی خۆی نیە، جێگەیەکی چۆڵ کەوتوەتە ژیانی کوردەوارییەوەو هەتا ئێستە ئەو جێ چۆڵیە بە چەند بیروباوەڕێکی بێگانە پڕبوەتەوە. بەڵام ئەو بیروباوەڕانە چونکە خۆیی نەبون، کوردیان نەگەیاندوەتە ئامانج. لەبەرئەوە پێویستە لە رێگەی بیروباوەڕێکی نەتەوەیی شۆڕشگێڕەوە، ئەو بۆشاییە بیروباوەڕانەیە پڕبکرێتەوەو ئەو شۆڕشە فیکرییە بەرپا بکرێ. هەر بیروباوەڕێکیش خۆیی نەبێ، کاژیک بەربەرەکانیی ئەکات.

3) کاژیک پێیوایە دەردەکانی کورد هەمو ئەچنەوە سەر یەک بنچینەو ئەبێ لە بنەڕەتەوە تیماربکرێن. لەبەرئەوە بڕوای تەنیا بەو چارەسەرکردنەیە کە ئەگاتەوە سەر رەگوڕیشە. کەواتە بڕوای بە هیچ چارەسەرێکی وەختیو روکەش نیە. هەر لەبەرئەوەیە بڕوای تەنیا بە بەکارهێنانی هێزەو بە هیچ جۆرێک بە کرداری رواڵەتانەو کەموکورتو نیوەناچڵی وەک نوێنەر هەڵبژاردن بۆپەرلەمانی بێگانانو نوسینی پڕۆتستۆنامەو ئیمزاکۆکردنەوەو متامنەکردن بە "سەربەستی دیموکراستیانە" نیە. چونکە پێی وایە هەمو مافێک کە بە زۆر زەوت کرابێ هەر بە زۆر ئەسێنرێتەوە.

4) كاژيک داگيرکەرانی کوردستان هەمو، بەيەک چاو تەماشا ئەکاو کوردستان تەنيا بە موڵکی کورد ئەزانێو ئەبێ کورد هەر خۆی فەرمانڕەوا بێ لە کوردستاندا. لەبەرئەوە بڕوای بەو برايەتيە درۆزنەيە نيە کە لە رێگەيەوە سەروەتو سامانی بە تاڵان ئەبرێو لە کەمترين مافی مرۆڤانە بێ بەش ئەکرێ. لەبەرئەوە فەرمانڕەوايی هەمو ناکوردێک بەسەر کوردستاندا بە کارێکی ناشەرئی ئەزانێ.

5) کورد خۆی خۆی رزگار ئەکا لە رێی بيروباوەڕی پاکی کوردايەتييەوە. لەبەرئەوە کاژيک هەر پشت بە کورد ئەبەستێو بڕوا بە هيچ بێگانەيەک ناکاو هەر کەسێ بڵێ "بيگانە کورد رزگار ئەکا" يان بە ساويلکە يان بە دوژمنی دائەنێ. چونکە ئاشکرايە کە بێگانەيەک دەوڵەت بۆ کورد دروست بکا لە هيچە زۆر بە ئاسانی لێشی ئەسێنێتەوە.

6) کاژيک رێزی هەمو نەتەوەيەک ئەگرێ بەو مەرجەی مرخيان خۆشنەکەنلەسامانی کوردستان. هەروەها بە تەماشنيە کە ئەو کەمە نەتەوانە بتوێنێتەوە کە لە کوردستاندان بەو مەرجەی ناپاکی لەگەڵ کوردو بيروباوەڕی کاژيکدا نەکەن.

7) کاژيک هيزبی چينێکی تايبەتی نيەو بڕوای بە ئيمتيازاتی چينايەتیو بنەماڵەيی نيەو تەنيا بڕوای بە جياوازی مێشکو لەش هەيە.

لەبەرئەوە، بەربەرەکانێی هەمو جۆرە (استغلال‌و احتکار)ێک ئەکا، واتا لە باری سەرنجی ئابوریەوە، هیزبێکی سۆسیالیستانەیەو باوەڕی تەواوی بە دادی کۆمەڵایەتی هەیە.

8) کاژیک زۆر بە توندی ئەوەستێ بەرامبەر بەستنەوەی ئابوریی کوردستان بە ئابوریی وڵاتە داگیرکەرەکانەوەو هیچ جۆرە پێشکەوتنێکی ئابوریانەی ناوێ کە لە سەر سودیگیرفان‌و بنکەی بێگانانبێ لە کوردستاندا.

9) دەوڵەت بەلای کاژیکەوە دامودەزگایەکە بۆ پێگەیاندنی نەتەوەکەمان لەسەر بنچینەی بیروباوەڕی کاژیکانەو گەیاندنی پەیامە مێژوییەکەمان بە هاونەژادان‌و تەواوی جیهان. کاژیک دان بە هیچ چەشنە دەوڵەتێکی تردا نانێ.

## دوا وشە

ئەی رۆڵە سەربەرزە جوامێرە بەزاتەکانی کورد:

بەمجۆرە کە تیگەیشتین پەنجەی تیژی دوژمنان بۆ بردنی سۆمای چاوی کوردایەتیمان سەدەها ساڵە چۆن کراوەو ئەکرێ بە چاوماندا، کە بۆمان رونبوەوە چۆن چنگیان لە هەناومان گیرکردوەو بە لوتە شەقی پاداشیانەوە پەیتا پەیتاش ژەهراوی برایەتیی رەنجبەرو ئاغامان ئەکەن

به گەرودا لەسەر لاشەی کوردو کوردستان.کە لە دەمولەوس‌و دەستوقەمچی دەزگا سیاسیەکانی دوێنێ‌و ئیمڕۆش، چۆن لە پەرێزی ئەستۆشکاندنی کوردانی دڵسۆزان‌و چۆن بەدڵ‌و بەگیان سنورە دەستکردەکانی بێگانەی خوێنمژ دەپارێزن‌و چۆن بە پێی بەرژەوەندی خۆیان‌و لە پاڵ بیروباوەڕی نانەتەوەیی‌و بێگانەپەرستیدا بەسەزمانان هەڵدەخڵەتێنن‌و فریویان دەدەن‌و هەرخەریکی شاردنەوەی ورگدان‌و هەرەس هێنانی رەفتاری جوانی کوردەواری بون بە هەڵپەرساردنی مورە دیواری خۆ هەڵخڵەتاندەنەوە...

بەڵێ. دەرکەوتنی ئەمانەو زۆر ئەشکەنجەو ناسۆری تریش وەک زۆریمان لە لاپەڕەکانی پێشودا بەسەرکردەوە، ئەم جوڵانەوەیەی هێنایە گۆڕێ کە لە ژێر ئالآی (کاژیک)دا کەوتۆتە رێگەو شانی ئامانج‌و ئاواتی لەسەر تیرگەی بیروباوەڕی راست‌و پاکی نەتەوەیی کوردی داداوە، ئیتر رەگوڕیشەی بۆ هەر ساڵێکی کوێرەوەریمان بگەڕێتەوە لە ساڵانی رابوردوی مل کەچیماندا... ئێمەی خەمخۆری ئەم خاکە پاکە ئەوەندە بەختەوەرین، بە شانازیەوە پەردە لەسەر روی خاڵومیل رێژراوی هەڵ ئەدەینەوە، دڵسۆزانە دەرگای ماڵ بە ماڵی کوردەواری دەقڵیشێنینەوە، سەربە کوانوی خێزان بە خێزانیاندا شۆڕئەکەینەوە، بە دەستی بە دەستنوێژی کوردایەتیەوە، هەمو کوردێکی بەتەنگەوە بو

رائەچڵەکێنین، لەسەر دەستی جوامیرانو رەفتاری جوانیانداو بەو سوێندەوە کە بەخاکوخۆڵی پیرۆزی کوردستان، پڕ هەردو چنگمان خواردومانە، ئێمەی جگەرگۆشەو سەرپێوەنەبو لەئاستخاکـو نەتەوەکەماندا، بەڵێنێکەو داومانەو نەزرێکەو لەسەرمانە. ئەم جەنگەی ناومانەتەوە لە کوردستان لەگەڵ دوژمنانی خوێنە خوێدا، بەرپەرچدانەوەی وشکـو وێستانی کزۆلانە نیە بە دیاریانەوەو لە ئەنجامدا زەبونانە خۆکێشانە دواوەو پاڵدانەوەو هەناسەبڕکێی ئابڕو چونو رقە کێشانو بەس، هەڕەشەو گوڕەشەیەکی بێ دەنگنیە بۆچاووڕاوو دۆزینەوەی چاری نیوەو نیوەچڵ، یا دەست گرتنەوەی ناپاکی لە کاربەدەستانی داگیرکەرانو لە ژێر داوێنی بەکرێگیراویدا دۆش دامان بەدیار مۆری ریسواییو بێ شەرمیی بێگانەپەرستینانبێ بە ناوچەوانی کوردەوەو لە گڵو ئاوی کوردستان قوڕی شلترگرتنەوە بێ بۆدانی بەچاوی کاڵی هەمو دڵو دەرون پاکـو لاوچاکێکدا، جولانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی هەمو کوردێکی دڵسۆزی بازوهەڵکراوی لە خەو راپەڕیوە بە تێشوی بیروباوەڕی نەتەوەیی کوردیەوە بۆئەستۆ وردکردنو مێشک پژاندنی هەمو ناپاکێکی رێگر لە سەربەستی کوردو سەربەخۆیی کوردستان، بۆ تێکدانو رامالینی تەختوتاراجی کۆشکـو تەلارو گشت جێ دەستو بنکەیەکی ئیستیئمارو داگیرکەران ــ بە کێشکەرانی خێرو بێرو سامانی کوردستان،

بۆ هەڵتەکاندنی داروپەردوی زنجی ئەو خوێڕیانەی نێڵە نێڵ نرکەی ئاگری کورەی خێڵایەتی خۆش ئەکەنو داری بێگانەپەرستی لەسەر لاشەی کوردو کوردستان لە نەمامی برایەتی چوز دەکەنو بە دەستو زینی نۆکەریەوە باڵۆرەی ناوچەپەرستی لێ ئەدەن، بۆ دوایی هێنان بەدیلێتیو سەندنەوەی کەرامەتی نەتەوەی پێشێلکراومان، بۆ لەرەگوڕیشەوە هێنانە دەرەوەی بیروباوەڕی نانەتەوەییو بڕینی شادەماری هەمو بیروباوەڕێکی ئاوەکی بە بیروباوەڕی نەتەوەیی کوردی، بۆ دانانی بەردی بناغەی سەرفرازیو سەربەرزی، سەرکەوتنو پێشکەوتنی کوردو کوردستان لە قەوارەیەکی سیاسیی باوەڕداری سەربەستو سەربەخۆدا، بۆ وەدەست هێنانەوەی رۆژانی هەرە بە شانو شەوکەتی باوباپیرانمان – قارەمانانی جیهان.

جوڵانەوەیەکیش ئەندامەکانی لەو رۆژەوە خۆیان بە سەربەست ناسیبێ کە دایانناوە لە رێی کوردو کوردستاندا بمرن.

ئیتر خۆشی لە کوردو خۆشی لە کوردستان.

بمرن ئیسئمارو داگیرکەرانو گشت دوژمنان.

کاروانی کاژیکیش بۆرێبەری، وا کەوتە تەکان.

دەستیش لە دەستو پشتیش بە یارمەتیی یەزدان.

---



کوردستان بۆ کورد　　　　یەکسانی بۆ گەل

# کاژێــــــک

کۆمەڵەی ئازادیو ژیانەوەو یەکێتیی کورد

*

ئەو قوتابخانەیەی سەچاوەی وزەیە بۆڕەورەوەی دەوڵەتی کوردی